# کوردستان

## دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی گەلاوێژی ١٣٨٣ — ٥ی ئووتی ٢٠٠۴ — ژمارە ٣٩۴ — ١٥٠ تمەن


## مانگرتن و گیرانی ژمارەیەك لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە ئانکارا

ڕۆژی چوارشەمە ١٤ی گەلاوێژ (٤ی ئووتی ٢٠٠٤) نزیکەی ٥٠ کەس لە پەنابەرانی سیاسیی کوردی ئێرانی کە لە لایەن دەفتەری کومیسارییای بەرزی پەنابەران (unhcr) لە تورکیە وەك پەنابەری سیاسی ناسراون، لە بەر دەرگای ئەو ڕێکخراوەیە لە ئانکارا، مانیان گرت. بەڵام پۆلیس هێرشی کردە سەریان و نزیك بە نیوەی ئەوانی گرت.

ئەو پەنابەرانە کە زۆربەیان تێکۆشەری پێشووی حیزبی دیموکرات‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکەی کورستانی ئێرانن ولە کوردستانی عێراقەوە چوونەتە تورکیە، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە وەزعی ناروون‌و ئەو بارودۆخە نالەبارە کە لەو وڵاتە دا لەگەڵی بەرەوە روون، مانیان گرتوە. گیرانی ئەو ژمارەیە لە مانگرتووان لە لایەن پولیسی تورکیەوە نیگەرانیی ئەوەی پێك هێناوە کە تەحویلی ئێران بدرێنەوە و گیانیان بکەوێتە مەترسی. ئەو نیگەرانی‌یە بە دوای سەفەری ئەم دوایی‌یانەی سەرۆك وەزیری تورکیە داو ڕێککەوتنی ئەو دوو وڵاتە لە سەر هێندێك هاوکاریی ئەمنیەتیی، دەبێ بە جیددی بگیرێ. ئێمە داواکاری ئازادیی هەرچی زووتری گیراوەکان و هەنگاونانی بە پەلەی un و ڕێکخراوە مروڤدۆستەکان بە مەبەستی ڕاگەیشتن بە داوائینسانی‌یەکانی هەزاران پەنابەری کوردی ئێرانی لەو وڵاتەین.

**"کوردستان"**

# سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران



سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەمۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٨٣ی هەتاوی، هەیئەتێکی پایەبەرزی پارتی دێمۆکراتی کورستان، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی، و پێکهاتوو لە بەڕێزان زەعیم عەلی، ئازاد بەرواری، مەسعوود سالەیی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و بەڕێزان ڕەمزی شەعبان‌و قادر جەباری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. ئەو هەیئەتە لەلایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبەوە بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی‌و پێکهاتوو لە بەڕێزان حەسەن ڕەستگار، حەسەن شەرەفی، باباعەلی مێهرپەروەر، مستەفا مەولوودی‌و حەمەنەزیفی قادری ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و بەڕێزان چەکۆ ڕەحیمی، کاوە بەهرامی، سمایل بازیارو کەماڵ کەریمی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و برایم ئیبراهیمی کادری سکرتاریاوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

مەبەست لە سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی پارتی دێمۆکراتی کورستان پیرۆزبایی گوتن بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سیزدەهەمی حیزب‌و پێداگرتنەوە لەسەر پێوەندی‌یەکانی برایانەی هەردوولایەن بوو. هەر لەو کاتەدا لە دانیشتنێکی چوار سەعاتەدا کۆمەڵێك مەسەلەی گرینگ‌و هەلومەرجی جیهانی‌و وەزعی کوردستانی عێراق کەوتنە بەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. سەعات ٣ی دوانیوەڕۆ هەیئەتی میوان لەلایەن هەیئەتی خانەخوێوە بە گەرمی بەڕێ کرا.


کۆنگرەی سێزدەهەم، هەنگاوێکی بڵێند بۆ پێشەوە — ٢

گۆڕینی دروشمی ستراتیژیك بە چ مەبەستێك؟ — ٣

ڕاگەیەندراوی هاوبەش: گیانی سەدان پەنابەری کورد لەمەترسی دایە — ٥

بە تەنیا جێم مەهێڵن — ٥

پەیامی حیزب‌و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یەکان بۆ گۆنگرەی سێزدەهەم — ٨

هەواڵە وەرزشی یەکان — ١١


## ئەگەری ناردنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش تادێ پتر دەبێ



کەماڵ خەرازی لە وتووێژێکی چاپەمەنیی هاوبەش لەگەڵ هاوتای ئازەربایجانیی خۆیدا، لەبارەی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی ئێرانەوە گوتی: کۆماری ئیسلامی لەمەودوا بە بەڵێنەکانی خۆی لەبارەی دروست نەکردنی پارچەکانی سانترفیوژ پابەند نیە. خەرازی گوتی بەگوێرەی بەیاننامەی ئوکتۆبری ٢٠٠٣ کە پاش سەفەری وەزیرانی دەرەوەی ئاڵمان، بریتانیاو فەرانسە، دەرچوو، کۆماری ئیسلامی لەسەر پێناسەی خۆی لەبارەی چڕکردنەوەی ئورانیۆم بەردەوامە، بەڵام بە ڕێککەوتنی بروکسێل لەگەڵ سێ وڵاتی ئورووپایی لەبارەی دروست نەکردنی پارچەکانی دەزگای سانترفیوژ پابەند نابێ. خەرازی گوتی ئەم پابەندی‌یە لەبەرامبەر بەڵێنی وڵاتانی ئورووپایی دابوو کە قەرار بوو ئەگەر ئێران دروستکردنی دەزگای سانترفیوژ بوەستێنێ ئەوانیش پەروەندەی ئێران لە دەستووری کاری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، لاببەن. بەڵام لەکۆبوونەوی ئەم دوایانەی شوورای حاکمان دا، ئەم وڵاتانە پێشنووسی بریارنامەیەکی ڕەخنەگرانەو توندیان لەدژی کۆماری ئیسلامی ئامادە کرد.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا، کولین پاول وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەکاتی سەردانی بۆ وڵاتی کووەیت دا گوتی: ئەگەری ناردنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش تادێ پترو پتر دەبێ، ئەمەش دبێتە سەرەتایەك بۆ بەڕێوەبردنی تەحریمی جۆراوجۆر لەدژی ئەو وڵاتە."

واشنگتۆن هەمیشە هەوڵی داوە شوورای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بنێرێ، بەڵام ئەو شوورایە تا ئێستا لەبەرامبەر ئەو داوایەدا ڕاوەستاوە، بەڵام شوورای ناوبراو لە مانگی رابردوودا بریارنامەیەکی توندی بەدژی ئێران پەسند کردو ڕەخنەی لە ناروون بوونی کردەوەکان‌و خۆبواردنی کۆماری ئیسلامی لەهاوکاریی تەواو لەگەڵ ئەو ئاژانسەدا گرت.

**ماڵپەڕەکانی: "ایران امروز"، "اخبار روز"**

## هیرشی تیرۆریستی بۆ ناوەندە ئایینی‌یەکانی مەسیحی‌یەکان لە عیراق

ڕۆژی یەکشەمە ١ی ئووت، پێنج کلیسا لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی عێراق کەوتنە بەر پەلاماری تروریستی. کەسانێکی نەناسراو لە بەر دەرکی ئەو کلیسایانە بومبیان تەقاندەوە.لەو زەنجیرە تەقینەوانەدا زیاتر لە ١٠ کەس کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

تەقینەوەکان کاتێك ڕوویان دا کە خوشك و برا مەسیحی‌یەکان بۆ بەجیهێنانی ڕێورەسمی ئایینی لە کلیساکان دا کۆببوونەوە. ئەوە یەکەم جار بوو کە ناوەندە مەزهەبی‌یەکانی مەسیحی‌یەکان لە عیراق کەوتنە بەر پەلاماری تێرۆریستی. یەکەم تەقینەوە لە بەرامبەر کلیسای ئەرمەنیی شاری بەغدا ڕووی دا. هاوکات لەگەڵ ئەو تەقینەوەیە کلیسایەکی کەلدانیی شاری مووسل تەقێنرایەوە. ڕاوێژکاری ئەمنیەتی نەتەوەیی دەوڵەتی کاتیی عیراق ئەو تەقینەوانەی بە کاری ئیسلامی‌یە توندرەوەکانی لایەنگری ئەبوو مەسعەب زەرقاوی ( کە سەر بە رایەڵکەی ئەلقاعیدەیە ) دانا.

ئایەتوڵڵا سیستانی کە یەکیك لە مەرجەعەکانی تەقلیدی شیعەکانی عیراقە و ڕێبەرانی کلیسای کاتولیك و کلیسای ئۆرتۆدوکسی رووسیە ئەو هێرشانەیان بە توندی مەحکووم کرد.

**ماڵپەڕی BBC**

## ڕەخنەگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی مامۆستایان لە تاران

کۆمەڵێك لە مامۆستایان‌و ئەندامانی ڕێکخراوە سینفی‌یەکانی مامۆستایانی سەرانسەری وڵات، بەیانیی ڕۆژی یەك شەمە ١١ی گەلاوێژ، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە گیرانی ئەندامانی "کانوونی سینفیی مامۆستایان" لەبەر دەرکی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن کۆبوونەوە. ئەو مامۆستایانە لە ڕێگای کۆبوونەوەی هێمنانە، خوازیاری ڕاگەیشتن بە پەروەندەی ئەندامانی ئەو کانوونە بوون کە لە سێ حەوتوو پێشترەوە بە هۆی کاربەدەستانی قەزایی‌یەوە،گیراون.

محەممەد خاکساری جێگری سەرۆکی کانوونی ناوبراو ڕای‌گەیاند کە هەوڵدانی ئێمە لەگەڵ کاربەدەستانی قەزایی لەم پێوەندی‌یەدا بە هیچ ئاکامێك نەگەیشتوە، هەربۆیە ناچارین لەم ڕێگایەوە بۆ ئازاد کردنیان هەوڵ بدەین.

جێگری سەرۆکی کانوونی سینفیی مامۆستایان ڕای‌گەیاند: ئێمە خوازیاری‌ئازادیی هەرچی زووتری مامۆستا گیراوەکانین‌و ئەگەر ئەو داوایەمان جێبەجێ نەکەن، هەنگاوی گەورەتر هەڵدەگرین.

مامۆستایانی ناڕازی شانبەشانی داوای ئازادیی هەرچی زووتری هاوکارە گیراوەکانیان، ڕایان گەیاند کە ئەگەر کاربەدەستان بە پەروەندەی مامۆستا زیندانی کراوەکان ڕانەگەن، لەکاتی کرانەوەی قوتابخانەکان دا، ئامادە نابن بچنە پۆلەکانی وانەگوتنەوە. بە قسەی محەممەدی خاکساری، ئەندامانی کانوونی سینفیی مامۆستایان لەسەر شکایەتی وەزارەتی ئیتلاعات‌و بەتاوانی هەنگاونان بەدژی ئاسایشی نەتەوەیی، گیراون.

**ماڵپەڕی "اخبار روز"**



پرونك" نوێنەری تایبەتی UN لەگەڵ وزارەتی دەرەوەی سوودان دا ڕاگەیەندرا کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەماوەی ٤ مانگی داهاتوودا، ژمارەی ئەفرادی ئەرتەش‌و پۆلیسی خۆی لە "دارفوور" دەگەیەنێتە ٦ هەزار کەس‌و ئەوان بەرپرسیار دەکا لەبەرامبەر هێرشی تاقمە چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەتی سوودان دا، خەڵکی ئەو ناوچەیە بپارێزن.

کوفی عەننان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدوای پەسندکرانی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی "دارفوور"دا، گوتی ئەگەر سوودان تاکۆتایی مانگی ئووت داواکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەجێ نەگەیەنێ، ئەم ئەنجومەنە هەنگاوی دیکەو یەك لەوان تەحریمی خارتوم دەگرێتە بەر.

## درێژەی ژێنوساید لە دارفوور سزای توندی بۆ سوودان بەدواوە دەبێ

شەڕی قەومی لە "دارفوور" تا ئێستا سەدان هەزار کەسی ئاوارە کردوەو هەزاران کەسیش لەوان پەنایان بۆ وڵاتی دراوسێ، چاد، بردوە. چەکدارەکانی لایەنگری دەوڵەتی سوودان بەرپرسی کوشتاری هەزاران کەسی سێڤیل (غەیرە نیزامی) لە دارفوورن. چەو چەکدارانە بەمەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی بە ڕەگەز ئەفریقایی دارفوور، هاتوونە مەیدان‌و لەو ناوچەیەدا دەستیان کردوە بە ئەزیەت‌و ئازاردانی دانیشتووانی بە ڕەگەز ئەفریقایی، هەر لە سووتاندنی ماڵ‌و گوندەکانی ئەوانەوە بگرە، تا دەستدرێژی بۆ سەر کچان‌و ژنانیان.

لە١ی ئووت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردیە سەر دەوڵەتی سوودان تا هەرچی زووتر چەکدارەکانی سەر بەو دەوڵەتە چەك بکا. لە ٢ی ئووت هێزە فەرانسەیی‌یەکانیش لە سنووری سوودان جێگیر بوون‌و لە ٣ی ئووتیش فریارەسان لە ئاسمانەوە یارمەتییان بۆ لێقەوماوان بەردایەوە. بە دوای چاوپێکەوتنی "یان

## ڕاگەیەندراوی کانوونی نووسەرانی ئێران:

# هێرش کردنە سەر ئازادیی دەربڕین و قەڵەم هەروا درێژەی هەیە

**خەڵکی وشیار و مێرخاسی ئێران!**

لە مێژ ساڵە کە کانوونی نووسەرانی ئێران، هەروا لە ژێر گوشاری بەردەوامدا، درێژە بە ژیانی فەرهەنگیی خۆی دەدا. ئاشکرایە کە لە پێناو ئەو خوڕاگری‌یەدا، نرخی قەرەبوونەکراوەی زۆریشی داوە. ڕفاندن و کوشتنی نووسەران و شاعیرانی ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران، پێشگیری لە بەرێوەچوونی کۆڕی گشتی، بانگگرانی ژمارەیەك لە بەرێوەبەرانی کانوون‌و نەبوونی ئیمکانی کۆبوونەوە فەرهەنگی‌یەکان وەك ڕێزلێنان لە یادی ئەحمەد شاملو، شاعیری ناودار،و لە زیندان پەستاوتنی دوو کەس لە ئەندامانی کانوون واتە، ناسر زەرئەفشان‌و عەلی ڕەزا جەبباری خۆی بەشێك لەو هەڕەشەو گوشارە ئاشکرایانەن کە خراونەتە سەر ئەم کۆمەڵە فەرهەنگی‌یە.

بێ گومان داخستنی بڵاڤوکەکان، پاڵوێنەدانان بۆ ماڵپەرەئینێرنێتی‌یەکان و نەبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی بە تایبەت بۆ خاوەن قەڵەمە سەربەخۆکان، وەك دەردێکی دیکەی کۆمەڵگایە. شایانی وتنە بە پێی دوایین هەواڵی گەیشتوو لە زیندانی ئێوینەوە، ناسر زەرئەفشان لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە ئازادیخوازانی زیندانی، بە تاوانی مانگرتن لە خواردن بە مەبەستی زیندووراگرتنی بیرەوەریی خوێنینی هەژدەی پووشپەڕی ١٣٧٨، لە لایەن قوڵە چۆماغەکانی زیندانی ئێوینەوە کەوتنە بەر هێرش و بێ‌حومەتی. گەرچی پیلانی دژی ئەم بەرێزانە بە تایبەتی ناسر زەرئەفشان پووچەڵ کرایەوە، بەڵام هێرش بۆ سەر ئازادیی بیر، بەیان‌و قەڵەم هەروا بەردەوامە.

کانوونی نووسەرانی ئێران لەوەها هەلومەرجێك لە چوارچێوەی بەرنامەو پێرەوی خۆی و ڕێ‌و شوێنە شارستانی‌یەکان دا درێژە بە خەبات بە دژی سانسۆڕ و سەرکوت دەداو وە بیر بەرپرسان، بە تایبەتی دەسەڵاتی قەزایی دێنێتەوە کە خەڵکی ئێران و جیهان نیگەرانی چارەنووسی زیندانی‌یە ئازادیخوازەکان‌و لەنێو ئەوان دا دوو کەس لە ئەندامانی کانوونی نووسەرانی ئێرانن.

**کانوونی نووسەرانی ئێران ـ ١٣٨٣/٥/٦**

# کۆنگرەی سێزدەهەم، هەنگاوێکی بڵیند بۆ پێشەوە

**عیرفان رەهنموون**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك نوێنەرو نوێنگەی راستەقینەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بە سەرنجدان بە رابردووی پڕ لە شانازیی خۆی، لە بڕگە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشاندا، گەلێ هەنگاوی چارەنوسسازی بۆ رزگاریو ئازادیی نەتەوە بندەستەکەمان هەڵ هێناوەتەوە. بەستران و کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەو پڕ لە دەسکەوتی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکێك لەو هەنگاوە روولەپێش و شوێندانەرانەیە کە لە داهاتوودا کۆمەڵێك دەسکەوتی بەنرخ بۆ بزووتنەوە رەواکەمان بە دیاری دێنێو لە هەمان کاتیشدا بەرپرسایەتییەکی مێژوویی و نەتەوەیی دەخاتە سەرشانی نەتەوەکەمان بە گشتیو ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزو خەباتکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت.**

ئەگەر ئاورێ لە بارودۆخو گۆڕانکارییەکانی نێوان کۆنگرەی دوازدەو سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەینەوە، لە لایەکەوە پێویستیی بەسترانی کۆنگرە لەو بڕگە زەمانییەدا بۆ وەڵامدانەوەو تاوتوێکردنی ئەو بارودۆخو گۆڕانکارییە نوێیانە خۆی بەرجەستە دەکاو، لە لایەکی دیکەوە دوورە دیمەنی هەنگاوەکانمان بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجە نەتەوەییو مرۆییەکانمان، روونترو دەرهەستتر خۆی دەردەخات.

بارودۆخو گۆڕانکارییە نوێ، شوێندانەرو گرنگەکانی نێوان کۆنگرەی دوازدەو سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سێ ئاستی نێوخۆیی، ناوچەییو نێونەتەوەییدا بە شێوەیەکی ئۆبژکتیڤ روخساری خۆیان دەرخستوەو ئەو گۆڕانکارییانە کەمتازۆرو چ راستەوخۆو چ ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان داناوەو لەگەڵ تێپەڕینی هەرچی زیاتری "کات"دا، کاریگەریو شوێندانانەکانیان زیاتر هەستی پێ دەکرێ. ئەو بارودۆخو گۆڕانکارییانەی کە لەو ماوەیەدا پێك هاتوون، بە شێوەیەکی شیاوو گونجاو لە راپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمدا رەنگیان داوەتەوە کە لەم دەرفەتەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

## ئاستی نێوخۆیی

لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی دوازدەو سێزدەدا، گەلێك گۆڕانکاریی گرنگ لە ئاستی نێوخۆییدا هاتوونەتە ئاراوە. رەنگە گرنگترین گۆڕانکاریی سیاسی لەسەر ئاستی ئێراندا، هەڵمالرانی دوایین دەمامکەکانی قۆڵی بەنێو رێفۆرمخوازی رێژیم بێ لە پێوەندی لەگەڵ دروشمە بریقەدارەکانی وەك "خەڵك سالاری"، "ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان". لەو پێوەندییەدا بزووتنەوەی پێکهاتەشکێنو پێشڕەوی خوێندکاری رچەشکێنی گۆڕەپان بوو، و خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی بەرینو بەرچاو دەستی رەتیان بە سینگی خاتەمیو خاتەمیچییەکانەوە نا، و بە خۆپاراستن لە چوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ـ چ لە هەڵبژاردنەکانی دەوری دووهەمی شووراکانی شارو گونداو چ لە بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەمدا تێزی تێپەڕین لە سیستمی سەرەڕۆیی مەزهەبییان خستە قۆناغی کردەوەوە.

هەوڵی بەردەوامو بێپسانەوەی رێژیم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکە کۆکوژەکانو لە سەرووی هەموانەوە، هەڵپەکردنی ئەو رێژیمە بۆ بەدەستهێنانی تێکنۆلۆژیی چەکی ئەتۆمی، وەك ئامرازێ بۆ رزگاربوون لە قەیرانە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆیی ئێران، یەکێکی دیکە لەو گۆڕانکاریە گرنگانەیە کە نەتەنیا لەسەر ئاستی نێوخۆیی، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەییو نێونەتەوەییشدا، ئاکامی سیاسی بە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتۆتەوەو لێ دەکەوێتەوە.

ـ لە نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا، چالاکییە سیاسیو نەتەوایەتییەکانی گەلانی بندەستی ئێران (بەلووچ، تورك، تورکمەنو عەرەب، عەشایری باشووری ئێران) بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە زیادبوون کردوە، کە بە دڵنیاییەوە، وشیاریی نەتەوایەتیی ئەو گەلە ماف زەوتکراوانە دەتوانێ یەکێ لە پارامێترە بەهێزەکانی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی فەرمانڕەوایی ئێستای ئێران دابێو لە داهاتووشدا، رۆڵێکی پۆزەتیڤ بۆ ئارامیو سەقامگیریی ئێران بگێڕێ. کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باشی ئەو واقعییەتەی هەست پێ کردوەو لەو پێوەندییەدا، لە خاڵی چوارەم ـ فەسڵی یەکەمی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەمدا هاتووە "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە هاوپەیمانی ستراتیژیی خۆی دەزانێو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی پشتیوانی دەکا".

گۆڕانکارییەکی دیکە کە هەر لە درێژەی ئەم چەند ساڵەدا، بە ئاشکرا خۆی نواندوە، باسو وتوێژ لەسەر پێویستیی حاشاهەڵنەگری پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکە کە بتوانێ بە خستنەڕووی پلاتفۆرمێکی پێشکەوتووانە، زۆربەی هەرەزۆری رێکخراوە گەلیو دێموکراتیکەکان لە ژێر چەترێکی هاوبەشدا کۆ کاتەوەو تەوژمێکی نوێ بە خەبات دژی سەرەڕۆیی مەزهەبی لە ئێراندا ببەخشێو ببێتە ئاڵترناتیڤێکی دێموکراتیك بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیو ئازادی لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندا. هەرچەند ئەم باسو وتووێژانە هێشتا نەچوونەتە خانەی کردەوەوە، بەڵام پێویستییە هەنووکەییەکەی بۆ هەموان ئاشکرا بووە کە هیوادارین هەنگاوی بەکردەوەی بۆ هەڵهێنرێتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا لە پێشەکی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەمدا هاتووە: "بۆ گەیشتن بە ئامانجی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی هێزە دێموکراتیو نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی ئێمە پێی وایە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی دێموکراتیکی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێبەرنامەیی نەبێو دەسکەوتەکانی بە تالان نەچن، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەو هێزە سیاسییانە کە بە راستی دێموکراتو پێشکەوتنخوازن، لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوارۆژی وڵات یەك بگرنو بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە حیزبی ئێمە، هەم دژی شۆڤێنیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکاو هەم دژی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی گەلانی ئێرانە کە دیکتاتۆریی مەرکەزیو خەڵکی ئێران لێك جیا ناکاتەوە، خەبات دەکا. شۆڤێنیزمی ئێرانیو ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی گەلان، هەردووکیان کۆسپی سەر رێگای یەکیەتیی گەلانی ئێرانن. هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، مەترسیی گەورە شۆڤێنیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە".

هەر لە پێوەندی لەگەڵ خستنەڕووی رێگاچارە بۆ قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران، لە راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمدا، پێ لەسەر گرنگیی فیدرالیزەکردنی ئێران داگیراوەو لەو پێوەندییەدا هاتووە:

"بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان، ئەوانەی کە خاوەنی خاکێکی بەرینو حەشیمەتێکی زۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند نەتەوەی جیاوازیان تێدا ناژین، بۆ باشتر بەڕێوەبردنی وڵاتو پێ راگەیشتنی هاسانترو رێکوپێکترو دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر چەند دەسەڵاتی ناوچەییدا لە سیستمی فیدرالیزمی ئیداری کەڵك وەردەگرن. وڵاتی ئێمەش لە قەدەر وڵاتانی دەوروبەری خۆیو وڵاتانی ناوچە بە گشتی، هەم وڵاتێکی پانو بەرینو هەم خاوەنی حەشیمەتێکی زۆرە، ئەگەر بە شێوەی فیدرالیزم لەسەر ئەساسی نەتەوەییو جوغرافیایی بەڕێوەبچێ، جیا لەوە کە دەتوانێ دێموکراسییەکی واقیعیتری تێدا سەقامگیر بێو گەلانی ئێران بە مافە نەتەوایەتییەکانیان بگەن، لە باری ئیداریشەوە زەمینەی باشتر بۆ بەڕێوەچوونو ئیدارەکردنی لەبارتریشی بۆ دەڕەخسێ".

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانەو زۆر راستیی حاشاهەڵنەگری دیکەش کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، هەنگاوێکی بڵیندی بۆ پێشەوە هەڵ گرتو دروشمی ستراتیژیی خۆی لە خودموختارییەوە گۆڕی بۆ "فیدرالیزم". لە بەشی یەکەم ـ بەندی سێی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتووە: "دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالی لە ئێرانو دابینکردنی مافی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە".

## ئاستی ناوچەیی

لە بڕگە زەمانیی نێوان کۆنگرەی دوازدەو سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، گەلێك گۆڕانکاریی سیاسیی گرنگو شوێندانەر، ناوچەی هەستیاری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوە. گرنگترینو شوێندانەرترینی ئەو گۆڕانکارییانە، هەرەسهێنانی هەردوو رێژیمی سەرەڕۆو دژەئازادیی تالیبانی ئەفغانستانو بەعسی عێراق بوو کە بە سەرنجدان بە هەڵکەوتەی جوغرافیاییو چەند هۆکاری گرنگی سیاسی، کەلتووریو ئابووریی دیکە، کاریگەریی پۆزەتیڤیان لەسەر خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران دژی سەرەڕۆیی مەزهەبی داناوەو لە داهاتووشدا، هەڵکردنی شنەبای ئازادیو دێموکراسی لەو دوو وڵاتەوە بەرەو ئێران، دەتوانێ خێراییەکی زێدەتر بە خەباتی نەتەوە چەوساوەکەمان لە کوردستانی ئێران ببەخشێ. بە سەرنجدان بە شادبوونی خوشكو برایانی کوردمان بە بەشێکی زۆر لە مافو ئازادییەکانیان لە چوارچێوەی وڵاتی دێموکراتیك ـ فیدراڵی عێراقدا، هەم لە رووی سایکۆلۆژیو هەم لە پراکتیکدا، دەتوانێ سەرمەشقو یاریدەدەرمان بێ لە خەبات دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە ئێرانی ژێر چەپۆکی ئاخوندە دەسەڵاتپەرستەکاندا.

لەو پێوەندییەدا لە پێشەکی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەمدا هاتوە:

"سەرکەوتنی خەڵکی عێراق لە بنیاتنانی وڵاتێکی ئازادو دێموکراتیك لە دوارۆژدا، شوێنەوار لەسەر خەڵکی وڵاتانی دراوسێ دادەنێ. گەلانی وەزاڵەهاتوو لە نیزامە دیکتاتۆرو دواکەوتووەکان، چاوەڕوانی هەلێکن تا بۆ وەدەستهێنانی ئازادیو دێموکراسیو مافی نەتەوەیی خۆیان چالاکانەتر بە گژ رێژیمە دژی گەلییەکاندا بچنەوە. هەر ئێستا خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد پێی ناوەتە ئاستێکی چارەنوسساز. لەو نێوەدا مافی سیاسیی کورد لە عێراق لەسەر ئەساسی فیدرالیزمی جوغرافیایی ـ نەتەوەیی لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوەدا بە رەسمی ناسراوە. جێگیربوونی ئەو شێوە فیدرالییە، دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا".

هەر لەو پێوەندییەدا، لە بەندی پێنجەم ـ فەسڵی یەکەمی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتووە "پشتیوانی لە خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، رێبازی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە".

## ئاستی نێونەتەوەیی

گرنگترین رووداو لە ئاستی نێونەتەوەیی، لە ماوەی نێوان کۆنگرەی دوازدەهەمو سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، رووداني کارەساتی دڵتەزێنی یازدەی سێپتامبری ٢٠٠١ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دژە تیرۆرو رێژیمی ئێران هاوڕێ لە تەك رێژیمی پێشووی عێراقو کورەی باکووریدا کەوتنە تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕییەوە. دوابەدوای ئەو کارەساتە جەنگی دژەتیرۆر، بە خێرایی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تەنیەوەو بەکردەوە دوو بەرەی تیرۆرو دژەتیرۆر لە بەرامبەر یەکدیدا راوەستان. لە راپۆرتی سیاسیی پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەمدا، قامك خراوەتە سەر ئەو دوو بەرە دژبەیەکە "ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەموو گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو نێوەڕاستی گەورەشو هێزە دێموکراتیكو وڵاتپارێزەکانیش هەر لە بەرەی دژی تیرۆرو بەرەی خەبات بۆ ئازادیو دێموکراسیدا خۆیان دەبیننەوە".

ـ گۆڕانکارییەکی گرنگی دیکە کە لە ماوەی نێوان کۆنگرەی دوازدەو سێزدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێك هاتووەو دەتوانێ کاریگەرییەکی بەرچاوو ئاڵۆز لە ناوچەکەدا پێك بێنێ، پرۆژەی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بە نێوی "نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە". لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا، لە راپۆرتی سیاسیی پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە:

"ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەو تێزەدا دەیەوێ، هەوڵ بدا نەزمێکی نوێی سیاسی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەی جیهاندا دابمەزرێ، دیکتاتۆرەکان بڕۆنو ریزە دەوڵەتێکی دێموکراتیك دامەزرێن کە لە نێوخۆدا، مافی مرۆڤو ئازادییە دێموکراتییەکان لەبەرچاو بگرنو بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیشیان یارمەتیدەر بن بۆ سەقامگیربوونی ئاشتیو تەباییو گرتنەپێشی خەباتێکی بەردرێژو بێ ئەمان بۆ خاشەبڕکردنی تیرۆریزم. ئاشکرایە کە بەشی زۆری رێژیمەکانی حاکم بەسەر وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، جێگیربوونی سیستمێکی لەو بابەتە بە زیانی خۆیانو بە تەواوبوونی دەسەڵاتی خۆیانو هەر نەبێ بەشێکیان بە جۆرێك لە جۆران بۆ سەرکوتی موخالیفانیان لە نێوخۆی وڵاتو بەربەرەکانیی ناحەزانیان لە دەرەوەی وڵات، پەنا بۆ تیرۆریزمو تیرۆریستان دەبەن. کەوایە، سروشتییە کە نەك هەر هەموو دەوڵەتەکان دەنگی نارەزایەتیان لێ بەرز بۆتەوە، بەڵکوو زۆریان بەکردەوەش لە هەوڵی پێشگرتن بە چوونەپێشی ئەو بەرنامەیەدان. . . لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە راشکاوی گوتراوە کە ئەم حیزبە "لایەنگری چارەسەری گیروگرفتە نێونەتەوەییەکان لە رێگای وتوویژەوە بەبێ بەکارهێنانی زۆرە، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە پێویستی بزانێ" ئێمە هەم بۆ بەربەرەکانێ دژی تیرۆریزمو هەم لە هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسیو مافی مرۆڤدا، خۆمان لەو جەبهەیەدا دەبینینو پێشوازی لە هەر هەوڵێك دەکەین کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە بدرێو هەر دەستێکی یارمەتی لەو پێناوەدا بۆ لامان درێژ بکرێ، بە گەرمی دەگوشین. ئەوەی چەندین دەساڵە ئێمەو گەلەکەمان لە دەستی دەناڵێنین دیکتاتۆریو سەرەڕۆیییەو ئەوەی هەزاران قوربانیمان لەو پێناوەدا داوە، گەیشتن بە ئازادیو دێموکراسیو مافی نەتەوایەتیو مافی بەرابەر لەگەڵ باقیی هاونیشتمانانە. لە بارەی تیرۆریزمەوەش ئەگەر بڵێین ئێمە لە ریزی هەرەپێشەوەی قوربانیانی تیرۆر داین، هەموو شارەزایەکی بەویژدان لێمان قبووڵ دەکا. چونکە بەنرخترین قوربانیمان لە رێگای تیرۆرەوە لێ گیراوە".

**بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی نێوان کۆنگرەی دوازدەو سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، چ لە ئاستی نێوخۆییو ناوچەییو چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا هاتوونەتە ئاراوە، و هەروەها بەپێی خۆهاوهەنگاوکردنو هاوئاهەنگکردنی شیاوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکرات لە تەك ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەدا، ئاسۆیەکی نوێو رووناکتر لە رابردوو بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بە رێبەرایەتیی حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەدی دەکرێو بەرپرسایەتییەکی نەتەوەییو مێژوویی نوێ دەکەوێتە ئەستۆی هەموو ئەو خەباتکارانەی کە دڵیان بۆ ئازادیو دێموکراسیو دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلەکەمان لێ دەدا. هەر بۆیە لەو باوەڕەداین کە بەسترانو کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەو پڕدەسکەوتی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەنگاوێکی پێویستو بڵیند بوو کە خەمخۆرانی نەتەوەکەمان لەو بڕگە زەمانییە هەستیارەدا، بە وشیارییەوە هەڵیان هێنایەوە.**

❊ ❊ ❊

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# گۆڕینی دروشمی ستراتیژیك به چ مەبەستێك؟

**تەیموور مستەفایی**

دروشمی بەناوبانگی "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" کە زیاتر لە نیو سەدە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی بووو لە دڵو دەروونی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا ریشەی داکوتابووو ئەم دروشمە ببووە بەشێك لە فەرهەنگو بیروبۆچوونی خەڵکی کوردستانو لە پێناوی ئەم دروشمەدا هەزاران رۆڵەی بەوەجی دێموکراتو دەیان هەزار نەفەر لە خەڵکی کوردستان گیانی خۆیان فیدا کردو هەزاران نەفەر لە پێناوی‌دا زیندانییان کێشاو ئەشکەنجەی رێژیمیان تەحەممول کرد، وەها ریشەی لە دڵی خەڵکەکەماندا داکوتابوو، پێوەندی‌یەکی وا قووڵی سیاسیو عاتیفی لەنێوان خەڵکو ئەم دروشمەدا پێك هاتبوو کە گۆڕینی لەوانەیە بۆ هێندێك کەس پرسیار خوڵقێن بێو بە نەوعێك بە مەوداگرتن لە رێبازی ئەسڵیی حیزبی دێموکراتی بزانن.

لە پێش‌دا پێویستە ئەوە بڵێین کە هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە دێرزەمانەوەو هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی، زۆر خزمەتی گرنگی بە بەرەوپێشچوونو بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی کردوەو رۆڵەکانی کورد لە قوناخە جیاجیاکاندا بە تەبلیغی ئەم دروشمەو تێگەیاندنی تاکی کورد لە مافو ئازادی‌یەکانی لە بردنە سەری پلەی وشیاریو زانیاریی کۆمەڵانی خەڵکو هاندانیان بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ئەم دروشمە، کوورەی خەباتیان لە دژی رێژیمە دژی گەلیو کۆنەپەرستە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران گەرم راگرتوەو لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکانیش‌دا بۆ ناساندنی کوردو مەسەلە رەواکەی زۆر هەوڵ دراوەو هەر ئاکامی ئەم هەوڵو تێکۆشانەیە کە مەسەلەی کوردی لە ئاستی دنیادا وەك مەسەلەیەکی رەواو عادیلانە هێناوەتە گۆڕێو ئێستا لە دەرەوەی کوردستان، کورد زۆر دۆستی ئازادیخوازی بۆ پەیدا بوون کە لە پێناو بەرەوپێشچوونی ئامانجەکانمان‌دا پشتیوانمانن.

دیاریکردنی دروشمی خودموختاری لە قوناخەکانی رابردوودا دوایین ویستی کورد نەبوەو قەت حیزبی ئێمە پێی وانەبوە کە ئەو دروشمە باشترین رێگاچارەی مەسەلەی کورد لە ئێران دایە، بەڵکوو حیزبێکی بەرپرسو واقیعبین لە هەر قۆناخێك‌دا بە پێی هەڵسەنگاندنی وەزعی نێوخۆی ئێرانو بارودۆخی وڵات دروشم دیاری دەکا. لە رابردوودا حیزبی ئێمە بۆیە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"ی کردبووە دروشمی ستراتیژیکی خۆی، چونکە پێی وابوە بۆ ئەم قوناخە ئەم دروشمە گونجاوترەو هەر لەو کاتەش‌دا ئەمە لەبەرچاو حیزبو رێبەرانی ون نەبوە کە کورد وەك نەتەوەیەك مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیەو ئەمەشی لە بەرنامەکەی‌دا گونجاندوە. ئەگەر چاوێك بە ئەدەبیاتو بیروبۆچوونی رێبەرانی حیزب لە رابردوودا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ خودموختاری تاقە گوزینە (هەڵبژاردە)و تاقە بیری حیزبی ئێمە نەبوە، بەڵکوو خودموختاری دروشمی گونجاوی سەردەم بووە. بۆ سەلماندنی ئەم راستی‌یەش دەمانەوێ چەند نموونەیەك لە بیروبۆچوونی رێبەرانی حیزبو هەروەها بەرنامەی حیزب لەم دێڕانەی خوارەوەدا بخەینە بەرچاو:

دوکتور قاسملوو لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی رێگای ئەرانی "راه ارانی" لە ساڵی ۱۳٦۷ کە لە رۆژنامەی ژمارە ۱٤٥ی "کوردستان"دا چاپو بڵاو بۆتەوە، دەڵێ:

"مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی سەلماو بێئەملاو ئەولای هەر گەلێکە، ئێمەش لایەنگری مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانی ئێران بەدەست خودی ئەو گەلەینو لە پێناوی‌دا خەبات دەکەین."

کاك دوکتور قاسملوو درێژە دەداو دەڵێ: **"لەگەڵ هەموو ئەمانەش‌دا دەمهەوێ بڵێم کە گەلی کورد لەباری دیاریکردنی چارەنووسەوە جیاوازی‌یەکی لەگەڵ گەلانی دیکە هەیە، ئەوەش ئەمەیە کە کوردەکان لە عێراق، تورکیە، سووریەو ئێران دەژین، دابەشینێکی دەستکرد بەسەر خەڵکی کوردستان‌دا سەپاوە، رۆژێك ئەمە بێتە گۆڕێ وەك یەکگرتنەوەی کوردەکان خۆ دەنوێنێ."**

دوکتور سەعید (سادق شەرەفکەندی) لە وتووێژ لەگەڵ عەلی کێشتگەر لە رۆژنامەی "فیدایی" جۆرزەردانی ۷۱دا دەڵێ:

"لە نەزەر ئێمەوە، پێویستە بۆ هەر کام لە نەتەوەکان لە ئێرانێکی دێموکراتیك‌دا مافێکی تایبەت بەرچاو بگیردرێ کە رێگاحەلێکی گشتی بێ بۆ ئێران ئەویش سیستمی فیدراتیوە."

هەروەها لە رۆژنامەی ژمارە ۱۲۲ی کوردستان، ساڵی ٦۱دا هاتوە:

"مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران‌دا دەکرێ بە شکڵی فیدراتیویش چارەسەر بکرێ. حیزبی دێموکرات بۆ تێکۆشانی هێزە سیاسی‌یەکان لەو زەمینەیەدا رێز دادەنێو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گەلی کورد لە ئێران جیا نیەو دیاریکردنی مافی حاکمبوونی هەموان بەسەر چارەنووسی خۆیان‌دا بە مەرجی پێویست بۆ سەقامیگیربوونی دێموکراسی دەزانێ. لە رەوتی گەشەکردنو پەرەگرتنی دێموکراسی‌دا، فیدرالیزم بە مانای بەشداریی زۆربەی خەڵکە لە بەڕێوەبردنی مافی حاکمییەت‌دا کە بۆ خۆیان سەرچاوەی ئەو مافەن."

زۆر پێش لە کۆنگرەی سێزدەهەم، واتە پاش رووداوی ۱۱ی سێپتامبرو هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر ئەفغانستانو راگەیاندنی شەڕی جیهانی دژی بەرەی تیرۆریزم، پاشتر هێرشی ئامریکاو هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، هاوکێشە سیاسیو ئیستراتژیکەکانی ناوچەکە بە تەواوی خەریکە بەرەو گۆڕان دەچنو دەسەڵاتی کۆنەپەرست کە لە رابردوودا بە سەپاندنی دیکتاتۆری دژی خەڵکەکەی لە دڕندانەترین چەکی کۆکوژ کەڵکی وەردەگرتو بێ بەزەیی‌یانە خەڵکەکەی سەرکوت دەکردو لە دنیادا کەس دەنگی لێ دەرنەدەهات، کەوتۆتە مەیدانی شەڕێکی بەرین لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو کە بێگومان لەو شەڕەدا دوڕاوی ئەسڵیی بەرەی کۆنەپەرستیو تیرۆریزمەو ئەوەی سەردەکەوێ، بەرەی دنیای پێشکەوتویە. ئەگەر تا چەند مانگ پێش، ئورووپایی‌یەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانیان لە بەرانبەر ئامریکادا سەف ئارایی‌یەکی توندو تۆڵیان لە دژی هێرشی ئامریکاو هاوپەیمانانی بۆ سەر عێراق کردبوو، ئێستا تێگەیشتوون کە درێژەدانی ئەو رێبازو رێڕەوە جگە لە زەرەر، قازانجێکی بۆیان نیەو لەلای دیکەش ئامریکا کە پێی وابوو بە تەنیا دەتوانێ ئامانجەکانی بباتە پێشێ، تێگەیشتوە کە بە تەنیاو بەبێ هاوکاریی خەڵکی دیکە، ناتوانێ بە هاسانی بە ئامانجەکانی بگا، بۆیە هێندێك لە ویستی خۆی پاشەکشەی کردوە. لەڕاستی‌دا نەوعێك رێککەوتن لە نێوان ئامریکاو ئورووپادا بۆ بەربەرکانێ لەگەڵ دیاردەی تیرۆریزم، پێشێلکاریی مافی مرۆڤو کونترۆڵکردنی چەکە بایۆلۆژیو ناوکی‌یەکان هاتۆتە ئاراوە کە رۆژ بە رۆژ بەرەو باشتربوون دەچێو وا دەردەکەوێ ئاکامی ئەم هاوکاری‌یە لە بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوڕاستو هەموو دنیای پێشکەوتوودا بێ.

راگەیاندنی گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لەلایەن سەرۆکی بەهێزترین وڵاتی دنیاوە لەلایەکو، چوونە سەری پلەی وشیاریی سیاسیی خەڵکی ناوچەکە لەلای دیکە، کە ئاکامی خەباتێکی شێلگیرانەی خەڵکی ئێران دژی کۆنەپەرستیی زاڵ بەسەر وڵات دایە، موژدەی ئاسۆیەکی رووناو پێ دەدا. بۆ وێنە ئەگەر چاو لە وەزعی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی بکەینو هەڵوێستەیەك لەم هەلومەرجەو هەڵسەنگاندنێکی کورتی لەسەر بکەین، زۆر بە هاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە گۆڕینی رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران لە بازنەی ئەم گۆڕانکاریانەدایە. رێژیمی ئێران بە پشتیوانیو بەشداریکردنی چالاکانە لە تیرۆرەکانی سێ دەیەی رابردوو،و دەرکەوتنی شوێن‌دەستی لە تیرۆرەکان‌دا لە زۆر جێگا بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی کە خەتەرێکی گەورەیە بۆ ناوچەکەو پێشێلکاریی بەردەوامی مافی مرۆڤ، ئاخنینی زیندانەکان لە ئازادبیران، شکاندنی قەڵەمەکان، سەرکوتی خەڵکی بەزاڵەهاتوو لە بێکاری، فەسادو زۆر دیاردەی نالەباری دیکەی کۆمەڵایەتی، کارشکێنی لە سوڵحی خاوەرمیانە (فەلەستینو ئیسرائیل) بە پشتیوانیکردن لە رێکخراوە تیرۆریستی‌یەکان، تووشی قەیرانێکی ئەوتۆ بووە کە مەحاڵە لێی دەرباز بێو دێر یا زوو رێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش بەو دەردە دەچێ کە هاوپەیمانەکانی چوون (عێراق ـ تاڵەبان).

لێرەدا ئاماژەیەکیش بە بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوەییو هاتنە مەیدانی گەلانی دیکەی ئێران دەکەین کە سەرقاڵی پێکهێنانی حیزبی سیاسیو کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراوجۆرن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیانو تا دێ ئەم هەوڵو تێکۆشانە بەرینترو بە بەرنامەتر دەبێتەوە.

کۆنگرەی سێزدەهەم بە لێکدانەوەی ئەو راستیانە، باسێکی تێرو تەسەلی لە پێداچوونەوە بە بەرنامەی حیزبدا کردو بە سەرنجدان بە وەزعی ناوچەو تێگەیشتن لەو راستی‌یە کە گۆڕان لە ئێراندا شتێکی حەتمی‌یە، هاتە سەر ئەو باوەڕە کە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" بە دروشمی "دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیی فیدراڵی‌دا" بگۆڕێ.

هەڵگرتنی دروشمی فیدرالیزم بۆ هەلومەرجی ئێستا پێگەیەکی قایمتر بە کوردو خەباتە رەواکەی دەبەخشێو لەڕاستی‌دا بوونی رێژیمێکی دێموکراتیی فیدراڵی لە ئێران‌دا، بە سەرنجدان بە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێران کە لە شەش نەتەوەی جیاواز پێك هاتوە، زۆر لە جێی خۆیەتیو هاتنە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتیی فیدراڵی لە داهاتوودا بە سەرنجدان بە تایبەتمەندی‌یەکانی رێژیمی فیدراڵی کە لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا گەڵاڵە کراوە، چەند گرەتنی‌یەك بۆ سەقامگیربوونی دێموکراسی دەدا. لەوانە: دابەشبوونی دەسەڵات، بەشداریی گەلانی ئێران لە داڕشتنی سیاسەتی ئێرانی داهاتوودا و ئەمە وا دەکا لەلایەك هیچ گەلێك نەکەوێتە پەراوێزەوەو لەلایەکی دیکە رێژیمێکی ناوەندی لە ئارادا نەبێ کە بتوانێ بۆ سەرکوتو لە دواکەوتوویی‌راگرتنی گەلانی ئێران، پیلان بگێڕێ.

بە کورتی سیستمی فیدراڵی سیستمێکی دڵخوازانەو ئازادە کە گەلانی ئێران لەسەر ویستو داخوازی خۆیان بە هەستکردن بە بەرژەوەندیی هاوبەش پێکەوە پێکی دێنن. هەموو گەلانی ئێران کە دڵخوازانە ئەم رێژیمەیان پێك هێناوەو لە بەڕێوەبردنی‌دا بەشدارن، بۆ گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی، ئەوپەڕی هەوڵو تێکۆشان لە خۆیان نیشان دەدەن.

**دوکتور قاسملوو:**

**"مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی سەلماوو بێئەملاو ئەولای هەر گەلێکە، ئێمەش لایەنگری مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانی ئێران بەدەست خودی ئەو گەلەینو لە پێناویدا خەبات دەکەین."**

**دوکتور شەرەفکەندی:**

**"لە نەزەر ئێمەوە، پێویستە بۆ هەر کام لە نەتەوەکان لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا مافێکی تایبەت بەرچاو بگیردرێ کە رێگاحەلێکی گشتی بێ بۆ ئێران، ئەویش سیستمی فیدراتیوە."**

# حوکمی دادگا و بێ‌تاوان ناسینی قاتڵی زارا کازمی، ریسوایی‌یەکی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران


لە رۆژانی سەرەتای ئەم مانگەدا، دادگایی‌کردنی نیهایی قاتڵی زارا کازمی، هەواڵنێرو وێنەگری بەڕەگەز ئێرانیو هاووڵاتیی کانادا، لە تاران بەڕێوەچووو بە سەرسووڕمانەوە حوکمی بێ‌تاوانیی ئەو قاتڵەی کە سەر بە دەزگا ئەمنییەتی‌یەکانی رێژیم بوو، دەرکرا.

مەسەلەی زارا کازمی کە بەدوای لێدانو ئەشکەنجەکردن لە کاتی لێپرسینەوەدا گیانی لە دەست دا، ماوەیەکی زۆرە بۆتە باسی کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤو رێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتادا بە جۆرێك دانی بە کوشتنی ناوبراو لە ئاکامی لێداندا، ناو لێکۆڵینەوەکانی یەکساڵی رابردووش ئەم راستی‌یەیان دەرخست.

داننانی ئەوکاتی رێژیم بە کوژرانی زارا کازمیو ناساندنی کەسێك وەك قاتڵ بە دادگا، زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بوو کە ناحەزیی کارەکە کەم کەنەوەو بەر بەوە بگرن کە پێی بەرپرسانی پایەبەرزی قەزایی رێژیم کە راستەوخۆ دەستیان لەو جینایەتەدا هەبووە، نەکێشرێتە نێو مەسەلەکەوە.

بەبێ تاوان زانینی "بازجوو"ی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات کە بەوە تاوانبار کرابوو، بۆتە هۆی مەرگی زارا کازمی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بیروڕای گشتی لەگەڵ سەر سووڕمان بەرەوڕوو کرد، ئەو راستی‌یەشی دەرخست کە دەزگای قەزایی ئێران هەرگیز سەربەخۆ رەفتاری نەکردوەو زیاتر بەلای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی رێژیم‌دا شکاوەتەوە.

ئەو بڕیارەی دەزگای قەزایی کە گۆیا لەسەر ئەساسی ئەوە تاوانبارەکەی بەبێ تاوان ناسیوە کە "زارا کازمی" بەهۆی زەعفو بوورانەوە بەربۆتەوەو سەری وەشتێکی رەق کەوتووەو بۆتە هۆی مەرگی، لە جێ‌دا وەك گاڵتە دەچێو ناتوانێ فڕی بەسەر راستی‌یەوە هەبێ. چونکە هەر ئەوکات پزیشکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر وەزعی بەدەنیی زارا کازمی کردو باسێکیان لە زەعفو بوورانەوە نەهێنایە گۆڕێ. جیا لەوەش رێژیم ئامادە بوو کە ئەو پارەیەی لەباری شەرعی‌یەوە دەبێ بدرێ بە بنەماڵەی زارا کازمی، پەرداخت بکا.



لەو پێوەندی‌یەدا پرسیار ئەوەیە ئەگەر بەڕاستی زارا کازمی زەعفی کردوەو بووراوەتەوە، بەبێ ئەوەی کەس بیکوژێ، خۆی گیانی لەدەست داوە، چ حەقێکی شەرعیی دەی‌گرێتەوە؟ مەگەر ئەوەی بڵێین مەرگی زارا کازمی بە ئەمری خودا رووی داوەو رێژیمی کۆماری ئیسلامییش کە نوێنەری خودا لەسەر ئەرزە، دەبێ تاوانی ئەو قەتڵە بدا بە خودا!!!

حوکمی دەزگای قەزایی رێژیم لە پێوەندیی لەگەڵ کوژرانی زارا کازمیو بێ‌تاوان ناسینی بکوژەکەی‌دا، لەگەڵ ئەوەی کە بیروڕای گشتیی لەگەڵ سەرسووڕمان بەرەوڕوو کرد، ئیعتیرازی دەوڵەتی کاناداشی بەدواوە بوو. کانادا لەو پێوەندی‌یەدا راگەیەندراوی دەزگای قەزایی رەت کردەوەو رای‌گەیاند کە ئەو حوکمە بە پێچەوانەی راستی‌یەکانو ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە لە یەك ساڵی رابردوودا ئەنجام دراون.

دیارە پێ‌داگریو بەدواداچوونی کانادا بۆ تەعقیبی پەروەندەکەو فشاری بیروڕای گشتی، بەر بەوە دەگرن کە ئەو حوکمەی دەزگای قەزایی رێژیم کۆتایی بە کاری ئەو پەروەندەیە بهێنێو دوور نیە کە ئەو مەسەلەیە زیاتر لەوەش کە هەیە تەشەنە بکا. بەتایبەت کە زۆر کۆڕو کۆمەڵی بیانی ئەو شێوە موحاکەمەیەیان بە گاڵتەجاڕی ناوبردوەو لەو پێوەندی‌یەدا ئیعتیرازی خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر دەربڕیوە.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا سێ کارناسی مافی مرۆڤی رێکخراوی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانیش، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان، رایانگەیاند کە ئەو موحاکەمەیە لەگەڵ رێوشوێنە نێونەتەوەیی‌یەکان لە ناتەبایی دایەو دادگا زۆر بەڵگەو دەسپێچەکی حاشاهەڵنەگری لە پێوەندی لەگەڵ بکوژانی زارا کازمی‌دا لەبەرچاو نەگرتوە. هەر بۆیەش دەوڵەتی کانادا لە وڵاتانی ئورووپاییو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ویستوە تا لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی زارا کازمی‌دا رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر فشارەوە.

روونبوونەوەی چۆنییەتی کوژرانی زارا کازمی بەدەست بازجۆکانی دەزگای قەزاییو ئیتلاعاتیی رێژیمو دەرچوونی حوکمی بێ بنەماو رەخنەهەڵگری دادگا لەبارەی بێ‌تاوان ناسینی قاتڵی زارا کازمی، ریسوایی‌یەکی دیکە بوو بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو نێوەرۆکی نامرۆڤانەی ئەو رێژیمەی زیاتر نیشان دا.

***

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی دەفتەری سیاسی

### دانیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ هەیئەتێکی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی دێموکرات

سەعات ٤ی ئێوارەی رۆژی دووشەممۆ ٥ی گەلاوێژی ١٣٨٣ی هەتاوی، هەیئەتێکی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی دێموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز رزگار مەسیفیو بە مەبەستی پیرۆزبایی‌گوتن بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەوە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد کە لە لایەن هاوڕێیان، بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو باباعەلی مێهرپەروەرو مستەفا مەولوودی، ئەندامانی دەفتەری سیاسییەوە پێشوازیی لێ‌کرا. لەو دانیشتنەدا وەزعی گشتیی عێراقو هەلومەرجی ئێستای کوردستانی عێراق کەوتنە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

### دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتێکی لیژنەی ناوچەی کۆیەی حیزبی شیوعیی کوردستان

سەعات ٦ی ئێوارەی رۆژی ١٣٨٣/٤/٢٨ی هەتاوی، هەیئەتێکی لیژنەی ناوچەی کۆیەی حیزبی شیوعیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاروان شوانی بە مەبەستی پیرۆزبایی‌گوتن بە رێبەرایەتیی حیزب بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەوە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کردو لە لایەن هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە، پێشوازی لێ‌کرا. لەو دانیشتنەدا پێ لەسەر پێوەندیی‌یە دۆستانەکانی نێوان هەردوو حیزب داگیراو کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگیی ناوچەیی کەوتنە بەرباسو بیرورا گۆڕینەوە.

### دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتی حیزبی چەپی کورد لە سووریە

سەعات ٤ی ئێوارەی رۆژی ١٣٨٣/٤/٣٠ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی چەپی کورد لە سوریە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز خێرەدین موراد، سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەو پێکهاتوو لە بەڕێزان، مستەفا ئەرسو، ئەندامی دەفتەری سیاسیو محەممەد سەعدون، ئەندامی کومیتەی ناوەندی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. ئەو هەیئەتە لە لایەن هاوڕێیانی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو باباعەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌یەوە بە گەرمی پێشوازی لێ‌کرا. دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی چەند سەعاتی‌دا کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کورد بە گشتیو وەزعی کورد لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیان تاوتوێ کردو لەسەر هەلومەرجی ناوچەش ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## کوژرانی کوردێکی کوردستانی تورکیە بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**رۆژی پێنجشەممە، ١ی گەلاوێژی ١٣٨٣ی هەتاوی، کەسێك بە ناوی "ئەردال"، خەڵکی گوندی کەراتیی کوردستانی تورکیە کە لە نزیك سنووری ئێران بە مەبەستی کاروکاسبی سەردانی گوندی "مێرومە"ی سەر بە ناوچەی قتوری کوردستانی ئێرانی دەکرد کە لە لایەن چەکدارانی رێژیمی ئێرانەوە تەقەی لێ‌کراو پاش ئەوەی بە برینداری ئاودیوی سنووری دەکەنەوە بە هۆی خوێنڕێژییەوە گیانی لەدەست دا.**

# راگەیاندراوی هاوبەشی شەش حیزبو رێکخراوی سیاسی
## بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان

**ئازادیخوازان!**

نزیکەی بیست رۆژە کە کۆمەڵێك لە ئازادیخوازانی بەندکراو بە مانگرتنێکی ئازایانە لە خواردن، ئیعترازێکی بەشکۆیان دژی سەرکوتکەران لە خۆیان نیشان داوە. وەکیلی ئازای بنەماڵەی قوربانی‌یەکانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان ـ دوکتور ناسری زەرئەفشان وێڕای خوێندکارانی خەباتگێڕ ـ ئەحمەد باتبی، پەیمان پیرزاد، دوکتور فەرزاد حەمیدی، سەعید ماسووری، سەعید شاقەلعە، فەرهاد دوستی، ئومێد عەبباسقولی‌نەژاد، رەزا محەممەدی، غولام رەزا ئەعزەمی، عەلی رەزا شەریعەت‌پەنا، غولام حسێن کەتبیو موهەندیس تەبەرزەدی مانیان لە خواردن گرت. بۆ ئەوەی دژی زوڵمی دەسەڵاتداران لە بنەماڵەی پەیمان پیران ئیعتراز بکەنو داوای هەمیشەیی خۆیان واتە ئازادیی خوێندکارانی بەندکراوو دەستبەسەرو موحاکەمەی خولقێنەرانی جینایەتی ١٨ی تیر جارێکی دیکە بە ئاگاداریی ئێرانی‌یە ئازادیخوازەکان بگەیەنین.

بەڕێوەبەرانی زیندانی ئێوینو بێدادگای ئینقلاب کە بەڕێوەبەری ویستو خواستەکانی دەسەڵاتدارانی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامین، بە پەنا بردن بۆ هەڕەشەو فشار دژی ئەو ئینسانە دیلو نارازییانە لە لایەكو بەڕێوەبردنی پیلانی بێدەنگی لە لایەکی دیکەوە، هەوڵێکی زۆریان داوە تا ئەم خۆڕاگری‌یە شەرافەتمەندانەیە تێك بشکێنن. بەڵام، ئیرادەی مانگرتووەکان لە بەرانبەر ئەو فشارو پیلانەدا لە کزیی نەداو خۆڕاگریی ئەو رۆڵە ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران ئێستا گەیوەتە جێگایەك کە گیانی لە مەترسی خستوون.

**ئازادیخوازان!**

با پشتیوانیی خۆمان لە مانگرتنی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئێوین دەربڕین، ویستو داخوازی بەرحەقی ئەوان لە هەموو شوێنێك دووپات بکەینەوە تا زیاتر لەوەش ئاشکرا بێ کە ئەو ویستە خواستێکی گشتی‌یە. هەواڵی ئەو خۆڕاگری‌یە ئازایانەیە بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیەنین تا رێگای خۆڕاگری لە بەرانبەر زۆرداراندا بەرینتر بێتەوە. بە هەر شێوەیەکی گونجاو یارو یاوەری ئەو جوامێرانە لە خەباتەکەیاندا بین، تا حکوومەت بزانێ کە ئەو زیندانی‌یە سیاسییانە لەبیر نەکراون کە چراوکی ئازادین. با نیشان بدەین کە حکوومەت تەنیا لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان بەرەوروو نیە، بەڵکوو لەگەڵ هەموو ئازادیخوازاندا بەرەوروویە. بە چالاکی‌یە جۆراوجۆرو بەربڵاوەکانی خۆتان ئەوە وەبیر حکوومەت بیننەوە کە ناتوانێ ئازادی لە پشت میلەکانی زینداندا قەتیس بکاو ئەوینی ئازادیخوازی لەنێوبەرێ. هەروەك تا ئێستا نەیتوانیوە ناشتوانێ لەنێوی بەرێ. لە لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی، لە هەموو نیهادەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو لە پزیشکانی بێسنوور داوا بکەین کە بە هەڵوێستی بە پەلەی خۆیان بەر بە رووداني کارەساتێکی گەورەی ئینسانیو لەدەستچوونی گیانی ژمارەیەك لە رۆڵە ئازادیخوازو چاونەترسەکانی خەڵکی ئێران بگرن. لە پارلمانی ئورووپا، دەوڵەتەکانو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان داوا بکەین کە بە گوێرەی بەرپرسایەتی خۆیان لە بەندیواری بە پاراستنی مافی مرۆڤ بجوولێنەوەو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە رێگای جۆراوجۆرەوە بخەنە ژێر فشار.

ئێمە ئەوانەی ئەو راگەیاندراوەیان ئیمزا کردوە، رادەگەیەنین کە لە گەڵ ئەو تێکۆشەرانەی کە لە زیندانەکانی ئێویندا مانیان گرتوە هاودەنگینو پەسنی خۆڕاگری‌یەکەیان دەدەین. ئێمە دژی کۆماری ئیسلامین کە بە پەنا بردن بۆ سەرکوت، ئازادی دەتاسێنێ. حکوومەتێك کە مانەوەی خۆی لە نەمانی ئازادی‌دا دەوێ" ویستێك کە هەگیز نایەتەدی.

سڵاو لە هاوارکەرانی ئازادی لە زیندانی ئێوین

**ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ـ یەکیەتیی شۆرشگێڕانی گەلی کوردستان**
**ـ رێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران**
**ـ رێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران**
**ـ رێکخراوی کاریگەرانی شۆرشگێڕی ئێران (رێگای کارگەر)**
**ـ کۆمەڵە ـ رێکخراوی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**١ی گەلاوێژی ١٣٨٣ی هەتاوی**

### کانادا
# رێورەسمێك بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە

رۆژی شەممە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، کومیتەی حیزب ـ ئانتاریۆ ـ کانادا بە بەشداری نزیکەی ١٠٠ کەس لە ئەندامانو لایەنگرو دۆستانی حیزب، رێورەسمێکی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدبوونی د.قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر پێك هێنا. سەرەتا رێورەسمەکە بە سروودی "ئەی شەهیدان"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد. پاشان جەعفەر مەعرووف‌زادە بەو بۆنەوە وتاری حیزبی پێشکەش کرد. هەروەها عەبدوڵڵا سەیدا، ژیاننامەی د.قاسملووی هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە تا کاتی شەهیدکرانیان پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی رێورەسمەکەدا پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، رێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامەکانی خۆیان پێشکەش کرد. هەر لەو بڕگەیەدا خاتوو "ئامین کاویان" وتارێکی لەسەر بیروڕای د.قاسملوو سەبارەت بە ژنانو حەسەن حاتەمی وتارێکی لەسەر دێموکراسی لە روانگەی د.قاسملووەوە خوێندەوە.

لە درێژەی رێورەسمەکەدا فیلمێکی ٣٥ دەقیقەیی لە پێوەندی لەگەڵ رووداوی ڤییەنو هەروەها بیروبۆچوونی کۆمەڵێك کەسایەتیی کوردستانیو بیانی لەسەر کەسایەتیو بیروبۆچوونەکانی شەهیدانو بەشێك لە قسەکانی خۆیان پێشکەش کران. بەداوی ئەوەدا، هەواڵی گۆڕینی دروشمی ستراتیژیی حیزب لە خودموختاری‌یەوە بۆ فیدراڵیو کۆتایی‌هاتنی کۆنگرەی ١٣ راگەیەندرا. نێوئاخنی رێورەسمەکە بە خوێندنەوەی چەندین بەرهەمی ئەدەبیو پێشکەش کردنی سروودی شەهیدان رازابۆوە.

# رێورەسمی ١٥هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی د.قاسملوو لە لیللەستڕۆم

رۆژی پێنجشەممە ١ی گەلاوێژ ١٣٨٣، کومیتەی حیزب ـ ناوچەی لیللەستڕۆم بە بۆنەی ١٥هەمین ساڵڤەگەری شەهیدبوونی د.قاسملووی نەمرو کاك عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر، رێورەسمێکی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەو ناوچەیە، پێك هێنا.

سەرەتا رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و راگەیەندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێ محەممەدئەمینی مەجیدی وتارێکی لەسەر کەسایەتیی د.قاسملوو پێشکەش کرد. هەروەها لە درێژەی رێورەسمەکەدا هاوڕێ محەممەد سەلمانی لە وتارێکدا تیشکی خستە سەر کارو هەڵسوڕانی سیاسی ـ تەشکیلاتیو دیپلۆماسیی د.قاسملووی نەمرو رۆڵی ناوبراو لە بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوایەتی‌دا. نێوئاخنی رێورەسمەکە بە خوێندنەوەی شێعرو پەخشانو بابەتی جۆراوجۆری ئەدەبیو هەروەها سروودی "ئەی مامۆستای مەزن"، رازێنەرەوەی رێورەسمەکە بوون. لە کۆتایی‌دا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ لیللەستڕۆمو راگەیەندراوی کومیتەی ناوەندی بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی کۆنگرەی ١٣ی حیزبەوە پێشکەش کران.

# کۆتایی‌هاتنی دەورەی ١٥٩ی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی

دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەیان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تەواو کردو جلوبەرگی پیرۆزو پڕلەشانازی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد. لە رێورەسمێکدا کە بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی ١٥٩هەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبدا بەڕێوەچوو، هاوڕێی بەڕێز کاك جەلیل گادانی ئەندامی لەمێژینەو بەئەزموونی حیزبەکەمان، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبو بنەماڵەکانیانو لاوانی بەشدار لە دەورەکەدا، بەشدار بوون، کۆتایی‌هاتنی دەورەکە راگەیەندراو پێشمەرگە سەرکەوتوو و نموونەکان بە بەشدارانی رێورەسمەکە ناسێندران. رێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رقیب" دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك جەلیل گادانی بەم بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشدارانی رێورەسمەکە کرد.

بەڕێز کاك جەلیل لە سەرەتای قسەکانی‌دا بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی دەورەی ١٥٩ی سەرەتایی پێشمەرگەوە پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورەکە کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

بەڕێزیان پاش پیرۆزبایی داوای لە بەشدارانی دەورە کرد کە تا بۆیان دەکرێ خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پێبگەیەننو مێشکی خۆیان بە چەکی زانست موسەلەح بکەن تا بتوانن لە داهاتوودا وەڵامدەر بنو لە لایەکی دیکەشەوە پاراستنی نەزمو دیسیپلینی بە ئەرکێکی گەورەو گرینگ زانی.

بەرپرسی رێکخراوە سینفی‌یەکان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا باسی لە پێشمەرگەو ناوی بەرزو پیرۆزی پێشمەرگە کردو وتی: "چونکوو وەك لە وشەدا دەردەکەوێ پێشمەرگە یانێ کەسێك کە گیان لەسەر دەست، بە هەموو ئێخلاسەوە، بە هەموو ئیمانەوە حازرە وجوودی لە پێناوی رزگاری میللەتو نەتەوەو نیشتمانەکەی‌دا فیدا بکات". بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندی‌یانە کە لە ناوی بەرزو پیرۆزی پێشمەرگەدا هەیە، کاك جەلیل داوای کرد کە تا ئەو جێگەیەی بۆیان دەکرێ حورمەتی ئەو وشە پیرۆزە بپارێزنو وتی: "هیوادارین هەر وەك گیان لەسەر دەست ئامادەی فیداکارین، هەر بەو شێوەیەش لە هەموو بوارەکانی ئینسانیو ئەخلاقی‌دا وەك پێشمەرگە نموونە بنو پێشمەرگە بە سەمبولی ئازایەتیو لە عەینی حاڵدا سەمبولی ئەخلاقو سەمبولی ئینسانییەتو سەمبولی دۆستایەتیو فیداکاری بە میللەتەکەمان بناسێنن".

بەڕێز گادانی لە درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە کۆتایی کۆنگرەی ١٣و دەسکەوتە بەنرخەکانی ئەو کۆنگرەیە کرد. پاشان باسیان لە وەزعییەتی خراپو هەلومەرجی نالەباری وڵاتەکەمان ئێران کردو وتی: "فەقر بەشی هەرە زۆرو دەرسەدێکی هەرە زۆری خەڵکی گرتۆتەوەو حدوودی ٣٠٪ بە پێی ئاماری کە لێزانان دەریان خستوە لە ژێر فەقردا دەژین لە باری ئیقتسادی‌یەوە، سەرەڕای ئەوە سەروەتو سامانێکی یەکجار زۆر لە بن خاکی ئێراندا خەوتوەو بە سێڵاو دەڕژێتە وڵاتانی دیکە، بەڵام گەلانی ئێران بە تەواوی لێی بێبەشن، لە باری فەرهەنگیو ئامووزشیەوە وڵاتێکی بە تەواوی مانا وێرانمان هەیە، لە بواری سیاسیەوە وەك دەبینن رژیم کەوتۆتە مەخمەسەیەکەوە، هەم بە عینوانی یەکێ لە سەردەمدارانی تیرۆریزمو هەم بۆتە یاغی‌یەك لە وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی ئەوڕۆو دەیهەوێ بە هەر چەشنێك، بە هەر فێڵو حیلەیەك بێت بومبی ئەتۆم درووست بکات".

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە راپۆرتی ئامووزشیی فێرگەی پێشکەش کرد. دواتر بەشدارێکی دەورەکە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هاوڕێیانی‌یەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو بە پەیامەکەی‌دا وێڕای ئاوڕدانەوەیەك لە وەزعییەتی سیاسیو کۆمەلایەتی ئێرانو کوردستان، سوپاسی بەرپرسو مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ هەوڵو تێکۆشانیان لە پێناوی پەروەردەکردنو پێگەیاندنی لاوانی کوردستانی ئێران بۆ ریزەکانی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. پاشان هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك قادر سوڵتانپەنا کادری لەمێژینەی حیزبەکەمان خەڵاتی بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

پێشکەش کرانی چەند گۆرانی لە لایەن بەشدارانی دەورەوە بە هاوکاری کۆڕی هونەریی حیزبو چەند پارچە شێعرێك کە لەلایەن بەشدارانی دەورەوە ئامادەکرابوو، بوون بە نێوئاخنی رێزرەسمەکە.

❋❋❋

## راگەیەندراوی هاوبەش

# گیانی سەدان پەنابەری کورد لە مەترسی دایە

لە چەند رۆژی رابردوودا سەدان پەنابەری ئێرانی کە زۆربەیان تێکۆشەری سیاسیی کوردن، لە لایەن بەرپرسانی ئەمنییەتی دەوڵەتی تورکیەوە هەڕەشەی دیپۆرتیان لێکراوە. زۆربەی ئەو پەنابەرانە لە ساڵەکانی رابرووودا خۆیان بە نووسینگەی کومیسارییای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستانی عێراق ناساندوەو چاوەڕوانی گوازتنەوەیان بۆ وڵاتی سێهەم بوون. بەڵام دوای ئەوە کە نوسینگەی ئەو رێکخراوە کوردستانی عێراقی بەجێ هێشتو راگرتنی گوازتنەوەی ئەو پەنابەرانە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە ناچاربوون بۆ بەدواداچوونی پەروەندەکەیان روو لە تورکیە بکەنو سەرەڕای هەوڵو ماندووبوونو زەحمەتێکی زۆری خۆیانو نائەمن بوونی ناوچەکە لەگەڵ منداڵەکانیان بەشوێن دۆزینەوەی شوێنێکی ئارامدا ئاوارە بوون. لە تورکیە لەگەڵ گیروگرفتێکی زۆر بەرەوڕوو بوون، کومیسارییای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە حاڵێکدا زۆربەی پەناخوازان خاوەن پەروەندە بوون، تەنانەت بۆ ماوەی یەك ساڵیش پشتیوانیو هاوکاریی نەکردن. ئەو مەسەلەیەش بیانووی بە دەستی پۆلیسو دەزگای ئەمنییەتیی تورکیەوە دا کە بیانخاتە ژێر فشارو هەڕەشەی خۆیەوە.

ئەو پەنابەرانە (کە لەلایەن نوسینگەی کومیسارییای پەنابەران رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تورکیەو هەروەها پۆلیسی ئەو وڵاتە بە پەروەندە باکووری عێراق ناوزەد کراون) لە ماوەی ٤ ساڵی رابردوودا کەوتوونەتە ژێر فشارێکی نالەباری ماڵیو رۆحیو ئەمنییەتییەوە. نەبوونی ئەمنییەتو ئیمکاناتی ماڵی، دژوارترین بارودۆخی بۆ ئەو پەنابەرانە پێك هێناوە.

مانگی رابردوو ئەو پەنابەرانە لە شاری "وان"ەوە بۆ شارەکانی تورکیە گوازراونەوە، کە ئەو مەسەلەیە هێندێکی هیوادار کردبوون کە رەنگە بگوازرێنەوە بۆ وڵاتی سێهەم، بەڵام لە چەند رۆژی رابردوودا پۆلیسو کاربەدەستانی ئەمنییەتیی دەوڵەتی تورکیە ئەو پەنابەرانەیان خستۆتە ژێر فشارەوە کە دەبێ نرخی نیشتەجێبوون بدەن. ئەو نرخە کە بۆ هێندێك لە بنەماڵەکان زیاتر لە ١٠٠٠ دۆلار دەکاو ئەو پەنابەرانە ناتوانن بیدەنو هەر بۆیەش کەوتوونەتە دۆخێکی نالەبارەوە. لە بەرامبەر ئەوەدا ١٠ کەس لەو پەنابەرانە لە دژکردەوەیەکدا بە نوێنەرایەتیی پەنابەرەکانی دیکەی دانیشتووی شارەکانی ئیسکی شار، قارمان شار، ئۆغریو نۆشهیر چوونە ئانکاراو لەگەڵ بەرپرسانی ئانکاراو نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە، بەڵام، وەڵامێکی روونی ئەوتۆیان وەرنەگرتوە. پۆلیسی تورکیە پێی گوتوون کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵێنییەکانی خۆی بە نیسبەت ئێوەوە بەجێ نەگەیاندوەو ئەگەر تا چەند رۆژێکی دیکە ئەو بڕە پارەیەی بۆیان کراوە، نەیدەن، دەدرێنەوە بە ئێرانو عێراق. کاربەدەستانی کومیسارییای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەسەلەی تەحویلدانەوەیان بە ئێرانو عێراقی رەدکردۆتەوە، بەڵام، وتوویانە دەبێ، ئەو پارەیەی بۆتان دیاریکراوە، بیدەن. ئێستا ئەو پەنابەرانە کە نزیکەی ١٢٠٠ کەس دەبن، لە دۆخێکی زۆر نالەبار دان.

ئێمە ئیمزاکەرانی ئەو راگەیەندراوە لە هەموو رێکخراوو کۆڕو کۆمەڵێکی داکۆکیکاری مافی پەنابەرانو لە هەموو پەنابەرانی ئێرانی دەرەوەی وڵات داوا دەکەین کە بە تەواوی ئیمکاناتەوە هاوکاریی ئەو پەنابەرانە بکەن. کومیسارییای پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسی یەکەمی گیانو چارەنووسو ئەمنییەتی ئەو پەنبەرانەیە. هەڵسوکەوتێك کە لەگەڵ ئەو پەنابەرانە دەکرێ لەگەڵ هەموو یاساو رێسایەکی نێونەتەوەیی دژایەتیی هەیە. لەحاڵێکدا دنیا کۆماری ئیسلامیی وەك هەڕەشەیەك لەسەر ئەمنییەتو ئاشتیو ئارامیو هاوکاریی کاناڵەکانی تیرۆرو مرۆڤ کوژی دەزانێ، تەحویلدانەوەی ئەو پەنابەرانە بە رێژیمی دژی ئازادیو دژی دێموکراسیی کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی نەدانی نرخی نیشتەجێبوون، هەڕەشەیەکە لەسەر گیانو ماڵیانو لە خزمەت پتەوکردنی پێگەی رێژیمی تیرۆرو سەرکوت لە ئێران دایە.

**- یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**- رێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران**

**- رێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)**

**- رێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (رێگای کرێکار)**

**- رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)**

❊ ❊ ❊

# بە تەنیا جێم مەهێڵن. . .

## گیانی پەناخوازانی کوردی دانیشتووی تورکیە لە مەترسی دایە

**عەلی بداغی**

کێ هەیە بەدڵو خۆزیاو لەسەر ویستی خۆی نیشتمانو کەسوکاری خۆی جێ بهێڵێو باوەش بۆ غوربەتو ئازارەکانی دابڕانو مەینەتییەکانی ژیانی تاراوگە بگرێتەوە. مەگەر دەکرێ هەروا سووكو سانا لە ئامێزی گەرمی ئازیزان تەنیا چەند هەناسەیەكو لە مەکۆی سەدانو هەزاران بیرەوەری ژیان تەنیا چەند وێنەیەك هەڵگرێو چەند دیمەنێك لە هەموو یادەوەرییەکان بەیاد بسپێردرێو بکرێ بە توێشووی سەفەرێکی دوورو رێگەی هەندەران بگریتەبەر؟ بەڵێ. . . کاتێك زۆرداری تەنگ بە ئینسانەکان هەڵدەچنێ، کاتێك کە دوژمنی هار ژیانت دەکاتە کوێلەتیو نیشتمانت لێ دەکاتە خەڵووز، کاتێك مافەکانت دەخاتە ژێر پێو هەموو ئازادییەکانت لێ زەوت دەکا، کاتێك گەمە دەکا بە هەموو خەونەکانتو تەنانەت بەزەیی بە کانیو سەوزاییو سروشتی نیشتمانەکەشتدا نایە، تۆش ناچاری لە دژی رابوەستیو لە کاتی تەنگانەشدا پەرتەوازەی هەندەران بێو ملی رێگەیەکی نادیار بگرێتەبەر. ئەوە نە سەفەرێکی دڵخوازەو نە ساتەکانی ئەو ژیانەش وەك ژیانەو بەردەوام چاو لەرێی نیشتمانو مردنیش لە غوربەتدا دەردی سەر باری هەموو دەردانە.

ئەوا ماوەی چەند ساڵێکە پەناخوازانی کوردی ئێرانیی وەزاڵەهاتوو لە زوڵمو ستەمو زۆردارییی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هیوای دەربازبوونیان بۆ وڵاتانی وەرگری کۆچبەر روو دەکەنە شارەکانی تورکیەو بە هیوای هەوڵی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران بۆ بەرێکردنیان بۆ وڵاتانی سێهەم لە وێ دەگیرسێنەوە.

بەشی هەرەزۆری ئەو پەناخوازانە کە تێکۆشەرانی سیاسیی کوردنو بە کردەوە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردوە، چارەنوسیان لە ژێر تەوژمی کەمتەرخەمیی UNو ساتوسەودای دوو رێژیمی دژی کورددا کەوتۆتە مەترسییەوە. ئەوان هەمیشە لە مەترسیی گیرانو تەحویلدرانەوەیان بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دان. نیگەرانییەکانیشیان بێهۆ نیەو تاکو ئێستا بە دەیان جارو لە بەرچاوی بێبەرپرسیاری UNەوە تێکۆشەرانی پەناخوازی کورد لە ئاکامی ساتوسەودای ئەو دوو رێژیمەدا تەحویلی کۆماری ئیسلامی دراونەتەوە کە گیرانو ئێعدام کردنی کەریم توژەڵیو خالید شەوقی، تێکۆشەرانی کوردی ئەندامی حیزبی دێموکرات، نموونەی بەرچاوی ئەو پێشهاتەیەن کە ئەگەری چارەنوسێکی وەها بۆ پەناخوازانی دیکەی کوردیش چاوەڕوان دەکرێ.

ئەو پەناخوازانە کە ژمارەیان پتر لە ١٠٧٠ کەسە، هیچ ئەمنییەتێکیان بۆ دابین نەکراوەو بەردەوام لەلایەن پۆلیسو دەزگا ئەمنییەتییەکانی تورکیەوە فشاریان دەخزێنە سەرو لەبەرچاوی UNەوە بێحورمەتی بە ماڵو منداڵیان دەکرێو دژکردەوەی نوێنەرایەتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوووەکانیش لە ئاست هەموو پێشێلکارییەی مافی پەناخوازانی کورد لەلایەن رێژیمی تورکیەوە، تەنیا بێدەنگی لێکردن بووە.

پەناخوازان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرجار بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لە هەمبەر پێڕانەگەیشتنی UN بە کاروباری پەناخوازان وەك بەرێکردنیان بۆ وڵاتی سێهەم، نەکردنەوەی پەروەندە لە بەشی ئەمنییەتی شاری وان بۆ پەناخوازان، نەدانی مووچەی نیشەجێبوون بە شێوەی یاساییو نەدانی یارمەتیی ماڵیو پزیشکی بە شێوەی تاكو تەرا، گرووپو بە کۆمەڵ مانگرتنیان وەرێ خستوە، دەمی خۆیان دووریوەتەوەو تەنانەت هەڕەشەی خۆکوژییان هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، نە دەم دوورینی مانگرتووانو نە بەکردەوەکردنی هەڕەشەی خۆکوژییەکانیش [خۆکوژی شەهرام جلۆزادە، جەواد عەزیمیو کامەران فەرماندە ـ ژانویەی ٢٠٠٣] گۆڕانێکی ئەوتۆی بە قازانجی پەنابەران لێ نەکەوتۆتەوە.

داخوازییەکانی پەناخوازان شتێك نیە جگە لە جێبەجێکردنی رێوشوێنی پەیماننامەی کونڤانسیۆنی ژنێڤو سووربوونی UNو پێداگریی ئەو رێکخراوە نێونەتەوەییە لەسەر بەرپرسیارەتییە دەستنیشانکراوو پێناسەکراوەکانی. بەڵام، قرۆقپ بوونی UNو ئاوڕنەدانەوەی لە بارودۆخی پەناخوازان زۆربەی ئەوانی تووشی خەمۆکیو تەمابڕاوی کردوە. ترس لە دیپۆرت کردنەوەیان بۆ ئێران، گوشاری ئابووری، نەداریو چۆنیەتی دابینکردنی بژێوی خێزان، دەیان گرێی دەروونیی لەواندا ساز کردووەو تا جێیەك کە پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن، بۆوەی خۆیان لەو ژیانە کۆلەمەرگیو پڕ لە سووکایەتییە رزگار بکەن.

هەنووکە گەورەترین گرفتی پەناخوازان دەفتەری نوێنەرایەتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە گرینگییەکی ئەوتۆ بە کێشەی پەناخوازن نادا. لەم دواییانەدا پەناخوازان لە یەك بڵاو کراونو بەسەر شارەکانی تورکیا دابەش کراونو UN ئەوانی نەوەك پەناخواز، بەڵکوو وەك کەسانی بیانی پێناسە کردوەو دەوڵەتی تورکیاش بە پشتیوانیی بڕیارەکانی UN، ئەوانی ناچار بە دانی هەزینەی مانەوە کردوە کە بڕی ئەو پووڵە بۆ هەرکام لە پەناخوازانو ئەندامانی بنەماڵەکەیان ٢٧٠ دۆلار دیاری کراوە. بەڵگەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە دەفتەری UN بەپێی بەدواداچوونی نوێنەرانی پەناخوازان بۆ باڵوێزخانەکانی وڵاتانی وەرگری پەناخواز لیستی قبوولیی ئەو پەناخوازانەی بە هیچکام لەو وڵاتانە نەداوە. UN، بەپێچەوانەی ئەرکە دیاریکراوەکانی تا ئێستا لە دانی مووچەی مانگانە بە پەناخوازان خۆی بواردوەو هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی قانوونیی کێشەی پەناخوازانی دانیشتووی ئەو وڵاتە هەڵنەگرتوە. هەر ئێستا لە کاتێکدا کە دەوڵەتی تورکیا گوشاری خستۆتە سەر پەناخوازانو مۆڵەتی دیاریکراوی بۆ دانی بڕی ٢٧٠ دۆلار لەلایەن هەر ئەندامێکی بنەماڵەوە وەك مافی نیشتەجێبوون بۆ پەناخوازان دیاری کردوە کە ئەو پەناخوازە دەست تەنگانە ناتوانن ئەو بڕە پارەیە دابین بکەن.

بەدوای بانگەوازی پەناخوازان لەبۆ بەرزکردنەوەی داخوازییەکانیان کە زۆربەیان رووی لە UN بووە، دەفتەری نوێنەرایەتیی UN لە تورکیە بەمجۆرە وەڵامی پەناخوازانی بە شێوەی رەسمی داوەتەوە:

"پەناخوازان لەسەر خۆیانە کە هەزینەی مانەوەیان کە لەلایەن وەزارەتی نێوخۆی تورکیەوە دیاریکراوە، بدەن بەو وڵاتە، با پەناخوازان دڵیان بە وتووێژی وڵات [RRF]و بەرێ کردنیان بۆ وڵاتی سێهەم خۆش نەکەن، هەزینەی دەواو دەرمانو نەخۆشخانە لە ئەستۆی خۆتانە، هێشتا لیستی قەبووڵیی ئێوەمان بە هیچ وڵاتێکی وەرگری پەناخواز نەداوەو نایدەین تا لە ژنێڤدا بڕیارمان بۆ نەیەتەوە، ئێوە وەك بیانییەك نەك وەکوو پەناخوازێك لە وڵاتی تورکیە دەژین، جا کەوابوو بەپێی یاساو رێساو رێوشوێنی ئەو وڵاتە بجووڵێنەوە با تووشی کێشە نەبن". *

بەڵێ ئەوەی لە سەرەوەدا هاتوە، دەقی بڕیاری بەرپرسانیUN لە تورکیەیە کەوا بە سووكو سانا لەسەر چارەنووسی پتر لە هەزار نەفەر چالاکی سیاسیی کورد دەرکراوە.

گیروگرفتی پەناخوازانی کوردی دانیشتووی تورکیەو چیرۆکی بەشمەینەتییەکانی ئەوان زیاتر لەوەیە کە لەم وتارەدا جێی بێتەوە. جگە لەوەی کە زۆربەی کارمەندەکانی UN لە تورکیە تورکنو ئەوان بە هۆی کوردنەویستی رێگا نادەن کێشەکانی پەنابەران چارەسەر بنو زۆر نامرۆڤانە لەگەڵیان دەجوولێنەوە، دەتوانین ئاماژە بە زۆر گیروگرفتی دیکەی ئەوان بکەین کە بیتەقاقای پەناخوازانی گرتوە، وەك هەژاریو بێکاریو. . .

منداڵان گەورەترین قوربانییانی ئەو دۆخەن. ئەو منداڵانەی کە لە چووکترین ئیمکاناتی ژیانو پەروەردەیی بێبەشن. ئەوان مافی چوونە قوتابخانەیان نیەو بۆیان نیە لە ماڵ بێنەدەر. ئەگەر بۆ دەرەوەی ماڵ دەرکەون، دەکەونە بەر ئەزیەتو ئازاری پۆلیسو سووکایەتیان پێ دەکرێو تەنانەت لێیان دەدرێ.

پەناخوازی مافێکی سروشتیو ئاسایییە. ئەو پەناخوازانە داخوازی سەیرو سەمەرەو گەورەو گرانیان نیە. ئەوان تەنیا دیانەوێ شانسی ژیانێکی ئینسانییان هەبێ، ئەوەش مافی بێئەملاوئەولای ئەوانە. هەر بۆیەش هەر کەسێك کە باوەڕی بە پاراستنی مافی مرۆڤ هەیە، ئەرکی سەرشانیەتی لە بەرامبەر ئەم وەزعەدا بێدەنگ نەبێ. پێویستە هەموو حیزبو رێکخراوو لایەنە سیاسییە مرۆڤدۆستەکان پشتگیریی لە داخوازییەکانی ئەو پەناخوازانە بکەنو گوشار بخەنە سەر کۆمیسارییای پەنابەران تا چارەنووسی ئەو پەناخوازانە یەکلا بکاتەوەو بۆ وڵاتانی وەرگری پەناخواز بەرێیان بکا.

* وەرگیراو لە بەیاننامەی کومیتەی پەناخوازانی ئێرانی، دانیشتووی تورکیە لە سایتی www.giareng.com

❊ ❊ ❊

# سەیزادە خانم، لە ژیانی خۆی لەگەڵ کاک سەلام بۆ "کوردستان" دەدوێ

## بەبۆنەی "پێنجەمین ساڵگەڕی کۆچی دوایی کاک سەلام"ەوە

کاک سەلام عەزیزی لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە گوندی "عەزیزکەند"ی ناوچەی بۆکان لەدایك بووە. تا ٥ی سەرەتایی لە گوندی "دونگوز"ی بۆکان دەرسی خوێندوە. دوای ئەو ماوەیە سێ ساڵ لەلای ماملۆستایانی ئایینی درێژەی بە خوێندن داوە. بۆ درێژەدانی خوێندنی رووی کردۆتە مەدرەسەی "علومی دینی" لە شاری مەهاباد و هاوکات لەگەڵ خوێندن لەو شوێنە، دەورەی دەبیرستانیشی تەواو کردووەو لە شاری ورمێ بوو بە ماملۆستای قوتابخانە. ساڵی ١٣٥٠ لە رشتەی حوقووقی زانکۆی تاراندا وەرگیراو، پاش تەواوکردنی زانکۆ لە دادگوستەریی ورمێدا بووە بە قازی. دوای ماوەیەك بووە بە سەرۆکی دادگوستەریی بۆکان.

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی پاشایەتی، هاتۆتە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەبەر لێهاتوویی پلە حیزبییەکانی یەك لەدوای یەك بڕیوە. ساڵەکانی ٦١ــ٦٠ ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتە شارستانی بۆکان بووە. ساڵەکانی ٦٢ـ٦١ ئەندامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بووە. ساڵی ٦٣، بەرپرسی کومیتە شارستانی سەردەشت بووە. لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوەو لە ساڵەکانی ٦٨ــ٦٥ بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە بەغدا بووە. ساڵی ٦٨ بەرپرسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی بووە. پاییزی ساڵی ١٣٦٨ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەو لە کومیسیۆنەکانی کۆمەڵایەتی، ماڵیو سیاسی ـ نیزامی تا کاتی ماڵاوایی لە رۆژی ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی لە رێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبو گەلدا خەباتی کردوە. بە بۆنەی پێنجەمین ساڵوەگەری کۆچی لە نەکاوی کاک سەلام عەزیزی، رۆژنامەی "کوردستان" وتووێژێکی کورتی لەگەڵ خاتوو "تووبا


کاک سەلامو سەیزادەی هاوسەری

پوورئەحمەدی"، هاوسەری کاک سەلام پێك هێناوە. ئەمەش دەقەکەیەتی:

**"کوردستان"**: **تکایە خۆت بە خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان بناسێنە؟**

**و:** من تووبا پوورئەحمەدی، ساڵی ١٣٢٧، لە گوندی "کانیتۆمار" سەر بە شارستانی بۆکان لەدایك بووم.

**"کوردستان"**: **پێمان خۆشە بزانین چۆن لەگەڵ کاک سەلام عەزیزی یەکدیتان ناسی؟**

**و:** شێوەی ئاشنابوونم لەگەڵ سەییدسەلام زۆر ئاسایی بوو. لە رێگای بنەماڵەکانمانەوە بوو. بنەماڵەکان تا رادەیەك یەکتریان دەناسیو جیرانە دێیش بووین.

**"کوردستان"**: **چۆن ژیانی هاوسەریەتیو کاری سیاسیو پێشمەرگایەتیی کاک سەلام هەڵ دەسەنگێنی؟**

**و:** ئێمە لە ساڵی ١٣٤٤ەوە ژیانی هاوبەشمان پێك هێناوەو تا ساڵی ١٣٥٦ تا رادەیەك ژیانمان شێوەیەکی ئاسایی هەبوو، بەڵام دواتر سەییدسەلام ژیانی سیاسیو پێشمەرگایەتیی هەڵبژاردو منیش لەگەڵ ئەو، هەموو شاخو دۆڵەکانی کوردستانم دیتووەو هەموو سەختیو ناخۆشییەکم لەگەڵ سەییدسەلام تەحەممول کردوە، ئەویش سەرەڕای ئەوەی کە کارو مەسئولییەتی حیزبی لەسەر شان بوو زۆر بە باوەڕەوە خزمەتی حیزبو گەلەکەی دەکرد، هیچ کاتێك لە پەروەردەکردنی ماڵو منداڵەکانیدا درێغی نەدەکردو هەمیشە وەك دۆستو رەفیقێك لەگەڵ منو منداڵەکان هەڵسووکەوتی دەکرد.

**"کوردستان"**: **چەند منداڵتان لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ کاک سەلامدا هەیەو دوای کۆچی کاک سەلام، رۆژانە بە چ کارێکەوە خەریکن؟**

**و:** بەرهەمی ٣٤ ساڵ ژیانی هاوبەشمان پێنج منداڵە، دوو کچو سێ کوڕ. ئێستا بە کاری رۆژانەی نێوماڵو سەرپەرستیکردنی منداڵەکانەوە کات بەسەر دەبەم.

**"کوردستان"**: **تکایە دوا قسەتان بۆ خوێنەرانی "کوردستان"، بە تایبەتی خەڵکی شاری بۆکان چیە؟**

**و:** زۆر سوپاستان دەکەم کە یادێکتان لە من کردەوەو لە رێگای رۆژنامەی کوردستانەوە داوا لە خەڵکی کوردستان بە گشتیو خەڵکی بۆکان بە تایبەتی دەکەم کە لە دەوری حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆببنەوەو ریزەکانی ئەو حیزبە خۆشەویستە پتەوتر بکەنو لە هەموو بارێکەوە هاوکاریی حیزب بکەنو درێژەدەری رێگای شەهیدان بن تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد.

❊❊❊

# پەیامی حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی کورد بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب

### پەیامی حیزبی رزگاریی کوردستان

ژمارە: ٩٠٣ پ

مێژوو: ٩ـ٣ـ٢٠٠٤

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان بەشداربووانی سێزدەهەمین کۆنگرەی دێموکرات

سڵاوی رزگاریو سەربەخۆبوون!

لە پێوەندی پێکهێنانی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بەختەوەرین بە ناوی حیزبمانەوە، حیزبی رزگاریی کوردستان، پیرۆزبایی لە ئێوەو لە رێگەی ئێوەشەوە سڵاوی گەرمی خۆمان پێشکەش بە تێکڕای ئەندامو هەوادارانی حیزبە خەباتگێڕەکەتان بکەین.

لە بەراهیدا سەرکەوتنی کارەکانی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازینو هیواداریین کە بە بڕیارو راسپاردەی گرگو بەسوود کۆتایی بە کارەکانی خۆی بهێنێ.

بەڕێزان، پێکهێنانو بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە ژیانی سیاسی هەر حیزبێکدا رەنگ لە هێزو شێلگیری ئەو حیزبە بۆ موکمبوونو سووربوون لەسەر خەباتو زیندووراگرتنی ئەو دروشمو ئامانجانە دەداتەوە کە لە پێناویاندا هاتۆتە کۆڕی تێکۆشانەوە. گرێدانی سێزدەهەمین کۆنگرەی دێموکرات لە کاتێکدایە کە جیهانو ناوچەکەو کوردستان گۆڕانکاری گەورە بە خۆیانەوە دەبینن لە ژێر رۆشنایی رووداوو پێشهاتەکاندا بەرەو داهاتوویەکی پڕشنگدار تاو دەدەن. لێرەدا ئەرکێکی گەورەی مێژوویی لە ئەستۆی لایەنە سیاسییە بەرپرسەکاندایە تا لێبڕاوو راشکاوانە داخوازییە راستەقینەکانی جەماوەری ستەمدیدەی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگرنو لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو داخوازیانە درێژە بە تێکۆشانی هەمەلایەنە بدەن.

ئێمە لە حیزبی رزگاریی کوردستان، بۆنەی پێکهێنانی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بە دەرفەت دەزانین تا جارێکی دیکەش جەخت لەسەر پێوەندیو هاوخەباتی نێوان حیزبی رزگاریو دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەینەوە.

**هەر سەرکەوتوو بن**

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی رزگاریی کوردستان**

❊❊❊

### پەیامی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان

پەیامی پیرۆزبایی بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ی تێکۆشەر

سڵاوی سەربەخۆبوونو ئازادی!

بە بۆنەی سازدانی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان {حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران} بە ناوی خۆمانو تەواوی ئەندامو لایەنگرانی یەکێتیمان YNDK، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەکەینو، خوازیارین سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی کۆنگرە بهێننو بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەکەشتان گوڕوتینی زیاتر بە خەباتی حیزبو بزاڤی کوردایەتی بدات لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

بەڕێزان/ کۆنگرەکەتان لە بارودۆخێکدا دەبەستن کە رێژیمی ئێران بەردەوامە لە نکۆڵیکردن لە کێشەی نەتەوەییمانو، بە بۆنەو بێ بۆنە لە دەرەوەو ناوەوە بەرپرسانی رێژیمی ئێران بانگەشە دەکەن کە کێشەیەك نیە بە ناوی کێشەی کورد، لە هەمان کاتدا رۆژانە خەڵکی سڤیلی کورد لە شارە کوردییەکان لە لایەن دەزگای ئەمنی ئێرانەوە راپێچی زیندانەکان دەکرێن بێئەوەی چارەنووسیان دیار بکرێت، سەبارەت بەم بەرپرسانەو خورتترین بزاڤی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەم راو سەرنجانە دەخەینە بەردەم کۆنگرەکەتان:

١ـ لەبەر ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمووکات رۆڵی رێبەرایەتی لە بزاڤی کوردایەتی بینیوە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. گەرەکە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە ژێر چەترێکدا کۆ بکاتەوە.

٢ــ گەرکە مانگانە یان ساڵانە سەرژمێرییەك بکەن سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی رێژیمی ئێران دەرهەق بە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو بیگەیەننە UNو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.

٣ـ گوتاری سەربەخۆیی کوردستان، ئامانجو خواستی هەموو تاکێکی کوردە هەر بەم گوتارەش دەتوانین رووبەرووی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەییمان ببینەوە، لەبەر ئەوە گەرەکە ئەم گوتارەش زۆر بە زەقیو بێپەردە کاری بۆ بکرێت.

٤ــ بە حوکمی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەندامی ئەنتەرناسیونالیزمی نێونەتەوەییە گەرەکە زیاتر رووی رەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگەیێنێتە رای گشتی جیهانو پاڵپشتی زیاتر بۆ کێشەی نەتەوەییمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان فەراهەم بکات.

٥ـ بە هۆی زۆری تاوانەکانی رێژیمی ئێران دەرهەق بە کورد، دەکرێ سکاڵا لە دژی ئەم رێژیمە بدرێتە ئەم دادگایانەی لەم پرسانە دەکۆڵنەوە لە وڵاتانی ئەورووپاو شوێنەکانیتر.

٦ـ خودموختاری کە ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەم خواستە زۆ لە مافەکانی کوردو قوربانییەکانی کەمترەو گەرکە خواستێك ببێتە ئارمانجی حیزبەکەتان، کە شایانی خەباتو بەرخۆدانی نەتەوەییمان بێتو لە ئاست قوربانییەکانی حیزبەکەتاندا بێت.

٧ــ هاوکاریو پشتگیریکردنی جددیانەی ئەم خۆپیشاندانو رێپێوانانەی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە دژی رێژیمی ئێران دەکرێت، هەروا بەرنامەکەیەکیش هەبێت بۆ سازدانی خۆپیشاندانی هێمنانە لە وڵاتی ئەورووپاو شوێنەکانیتر بۆ بەرەو پێشچوونی دۆزی نەتەوەییمان.

دووبارە سازدانی کۆنگرەکەتان پیرۆز. .

**.هەر سەرکەوتوو بن.**

**مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان**

**YNDK**

❊❊❊

### پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)!

لەگەڵ رێزو سڵاوی گەرم

بە خۆشحاڵییەوە لە هەواڵی بەستنی کۆنگرەی ١٣تان ئاگاداربووین. بەو بۆنەوە پیرۆزبایی گەرمتان لێدەکەینو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

بەڕێزان! کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کاتێکدا دەبەسترێ کە خۆرهەڵاتی ناڤین بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی، پێی ناوەتە قۆناغێکی گرنگو چارەنووسسازەوە. رێژیمی رەگەزپەرستی سەددام لە نێو براوەو، دوو داگیرکەری درندەی دیکەی گەلەکەمان ـ ئێرانو سووریە، هەڕەشەی لەنێو بردنیان لەلایەن ئەمریکاوە لێدەکرێ. رێژیمی تورکیە دۆشداماوەو زاڵبوونی بیری شۆڤێنیستی رێگە نادا پێی تا لەو ئاڵوگۆڕانە تێ بگا کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا بەرەوڕووی ئەویش دەبێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، بەشێکی گەورە لە نیشتمانی خۆشەویستمان (باشووری کوردستان) ئازاد کراوە، ئەگەر بە هۆشیاریو بە بیرێکی نەتەوەییەوە کار بۆ سەقامگیربوونی بکرێ، دەبێتە چرایەك کە روناکاییەکی هەموو کوردستان دەگرێتەوەو، پاڵپشتێك بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

جگە لەمانە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بیروباوەڕی کوردایەتیو هەستو بیری سەربەخۆییخوازی لە نێو جەماوەری گەلەکەمان بە گشتیو، روناکبیرانو خوێندکارو تەنانەت ئەندامانی حیزبەکان بە تێکڕا پەرەی سەندووەو، دروشمو بەرنامەکانی حیزبەکانیان لە ئاستی داخوازییەکانی گەلو بەرژەوەندییەکانو بارودۆخی ئێستادا نابینن. بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەستیارو پڕ لە هیوای ئەوڕۆکەی کوردستان، ژمارەیەك لە دڵسۆزانی کوردی رۆژاوای کوردستان، لە رۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٥دا لە شاری "هێرنە"ی ئاڵمان، کۆنفرانسێکیان بەستو بە تێکڕای دەنگ بڕیاریاندا بۆ دامەزرانی "حکوومەتی رۆژاوای کوردستان ـ لە دەرەوەی وڵات".

تێرادیویی ئێمە، ئەوەیە کە کۆنگرەکەتان بە بایەخی تەواوە بڕوانێتە هەلومەرجی ئەوڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانو، بڕیاری بوێرانەو چارەنووسساز بدات بۆ پێشخستنی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە رێزم جەخت دەکەمو، لە لایەن خۆمو هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتانو بۆ نەتەوەی کوردمان دەخوازم.

**براتان:**

**جەواد مەلا**

**سەرۆکی گۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٠٤/٥/٣٠**

❊❊❊

### پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز ماملۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە!

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەو لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە!

سڵاوی خەباتو یەکسانی!

بە ناوی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هەموو ئەندامانو لایەنگرانی ئەو یەکیەتییەوە بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش دەکەینو هیواداریین هەروا پشەنگ بن لە بەرەوپێش بردنو درێژەدان بە خەباتی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

بەڕێزان! ئەمڕۆ خەڵکی کوردستانی ئێرانو هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان بە پەرۆشەوە بە چاوی هیواو هومێدەوە دەڕواننە خەباتی چەندین ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

هەر بۆیە جێی خۆیەتی کۆنگرەی سێزدەهەم، کۆنگرەی یەکگرتوویی و خۆڕاگری بێو چاوی نەیارانو ئەو کەسانەی چاویان بە یەکڕیزیی حیزب هەڵنایە کوێر بکاو ئامانجی بەرزی شەهیدان وەدی بێنێو سوکنایی بە دڵی جەرگسووتاو ژنی شەهیدان دابنێو تارمایی پەژارەو ناهومێدی لە سیمای منداڵی شەهیدەکانو زیندانیانی سیاسییو بێسەروشوێن کراوەکان بڕەوێنێتەوە.

هیواداریین کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب زیاترو شێلگیرانەتر لە پێشوو لەسەر بەرابەریی بە کردەوەی مافی ژنو پیاو پێ دابگرێ.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەینو سەرکەوتن بۆ کۆنگرە بە ئاوات دەخوازین.

←

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستانی ئێران**

❊❊❊

## پەیامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید

بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێزان نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەی سێزدەیەمینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بە ناوی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانەوە لە سویدو سەرجەم کۆمەڵەکانی ئەندامیەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی کۆنگرەکەتان دەکەینو سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، لە پلەی تەنیا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی، دێموکراتیو کۆمەڵایەتی گەلی کورد لە دەرەوەی وڵات کە بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوون، کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوەو یارمەتی کردون، بزووتنەوەی گەلی کوردستان بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت، لەوە خۆشحاڵە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەوی گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەلی بۆ ڕەخساوە کە بۆ چاکسازیی، بۆ وەرگرتنی بڕیاری نوێ بە قازانجی بزووتنەوەی گەلی کوردمانو بۆ نوێکردنەوەی ئۆرگانەکانی، کۆنگرە پێك دێنێت.

دەمانەوێ بە ڕێگای ئەم بروسکەیەوە، پێتان ڕابگەیەنین کە فیدراسیۆن پشتیوانی بزووتنەوەی گەلەکەمانەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەگەڵتانەو بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ هەوڵێکی پشتگیرانە دریغ ناکات.

بۆ پێشەوە بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەمان لە ژێر ستەمی داگیرکەرانی کوردستان

شەرمین بوزئەسلان
سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە
کوردستانییەکان لە سوید
٢٠٠٤/٦/٨

❊❊❊

## پەیامی پارتی کاری دێموکراتی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران !

لەگەڵ ڕێزو سڵاو. . .

بە ناوی پارتمانەوە، پارتی کاری دێموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی بەستنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان لێ دەکەین.

هیوادارین کارنامەکانی کۆنگرە وەك ئەوەی ئومێدی دەکەن بە باشی بەڕێوەبچنو کۆنگرەش سەرکەوتووانە کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت.

هەڵبەت بەستنی ئەم کۆنگرەیەو لەم ساتەوەختە مێژووییەدا کە کوردستانو ناوچەکە بە هەلومەرجێکی سیاسیی نوێو تا ڕادەیەك چارەنوسسازدا گوزەر دەکات. بایەخو گرنگیەکی تایبەت دەداتە کۆنگرە، ئەویش بەوەی کە لەسەر ئاستی حیزبە تێکۆشەرەکەتانو لەسەر ئاستی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، کۆنگرە وەڵامدەرەوە بێت بە پێداویستییەکانی ئەم ڕەوشە نوێیە تا سازدانەوەو ئامادەکاریەکان بەو ئاراستەیەو لەو ئاراستەدا بن کە بتوانرێت پارسەنگی ئەم ڕەوشەو ئەگەرو پێشهاتە ئایندەییەکان بە بەرژەوەندی گەلی کوردستانو بزاڤە ڕەواکەیدا بشکێتەوە.

جارێکیتریش پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان لێدەکەینو هیوای **سەرکەوتن بۆ کۆنگرە دەخوازین. . .**

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا**
**مەکتەبی سیاسی**
**P.K.D.K**
**بەروار: ٢٠٠٤/٤/١**

❊❊❊

## پەیامی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان

برای بەڕێزمان / مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێزان / ئەندامانی دەفتەری سیاسییو کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاو. . .

بە بۆنەی گرێدانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، حیزبی شەهیدان قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانیان ڕێگامان پێ بدەن بە ناوی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان لە ڕێگای ئێوە ئاراستەی گشت ئەندامو لایەنگرانتان بکەین.

جێگای خوشحاڵی هەموو لایەکمانە کە گرێدانی کۆنگرەی حیزبی خەڵکی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێك دەبەسترێت کە خەڵکی عێراق بە باشترین ئاوات شاد بوە. پاش نەمانی دیکتاتۆری فاشی کە فیدرالییەت بۆ کوردستانی عێراق بەرجەستە بوە.

برایانو هاوڕێیان، ئامادەبووانی کۆنگرەی سێزدەهەمینی حیزبی شەهیدان، ئێمە وا دەڕوانین کە گرێدانی کۆنگرە لە هەلومەرجێك دەبەسترێت کە عێراق بە تایبەتی، ناوچەکە بە گشتی بە هیوای ئاسۆیەکە کە گەلان لە ژێر ستەمی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ڕزگاریان بێتو گەلان بە مافی ڕەوای خۆیان بگەنو هیوادارین گەلی ئێرانیش بە هەمان ماف شاد بێت کە گەلی کوردستان لە عێراق پێی شادبوو بەڵکوو زیاتریش. برایان، ئامادەبووانی کۆنگرە، ئێمە لای خۆمان زۆر بە ڕاشکاوانە دەزانین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە حەق حیزبی مەردومو خەڵکی کوردستانی ئێرانەو زەحمی لە بونی چەندین حیزب وهێزیتری سیاسی. بۆیە هیوادارین کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت، بڕیارەکانی لە ئاستی ڕۆژگارو پێویستییەکانی گەلەکەمان بێت، دڵی خەڵکی کوردستان شاد بکاتو لە هەمان کاتدا بێتە هۆکارێك بۆ زیاتر گەشەکردنی حیزبی شەهیدان قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندیو هاوڕێیانیان وە ببێتەوە هۆکارێك بۆ زیاتر لێك نیزیك بوونەوەی گشت هێزو حیزبەکانی کە داوای دێموکراتی بۆ ئێرانو مافی ڕەواش بۆ گەلانی ئێران دەکەن بە تایبەتی گەلی کوردستانی ئێران. برایان، ئامادەبووان لە کۆتاییدا.

سڵاوو پیرۆزباییمان دووبارە لێ قبوڵ بکەن، هەر شادو سەرکەوتوو بن

**مەکتەبی سیاسی**
**بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان**
**٢٠٠٤/٣/٢١ ـ هەولێر**

❊❊❊

## پەیامی "ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی" لە بۆنی ئاڵمان

زۆر بەڕێز کاك عەبدوڵڵا حەسەنزادە! دۆستانی خۆشەویست!

بە نێوی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی پێمان خۆشە پڕبەدڵ پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی سێزدەتان لێبکەینو داوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی ح.د.ك. ئـ دەکەین.

ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراق بە ڕوونی دەردەخەن کە بەرژەوەندی، ئاواتو مەسەلەکانی گەلی کورد دەکرێ وەدیش بێن. دەبینین کە ئەو وەزعە موسبەتە لەسەر ڕووداوەکانی شیمالو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شوێن دادەنێ.

ئێمە بە عەلاقەی زۆرەوە پڕۆسەی گۆڕانە سیاسییەکانی ئێران تەعقیب دەکەین. هەرەسهێنانی هەوڵەکانی دەوڵەتی خاتەمی بۆ پێکهێنانی ڕیفۆڕم لە ڕێژیمدا، هەلێکی دیکە بۆ ح.د.ك.ئ دەرەخسێنێ کە بە دانی بڕیاری سیاسیی گرینگو بەهێزتر لە مافە سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی گەلی کورد داکۆکی بکا. لەسەر بناخەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیە کە چاوەڕوانی بڕیاری سیاسیی گرینگو هەنگاوی قایم لە کۆنگرەی سێزدەی ح.د.ك.ئـ دەکەین.

جارێکی دیکە سەرکەوتن بۆ کۆنگرەتان بە ئاوات دەخوازینو سڵاوی هاوپێوەندیانەو دۆستانەتان بۆ دەنێرین.

**لەلایەن بەڕێوەبەری ناوەند**
**جەلیلی حسەنپوور**

❊❊❊

# پەیامی حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتییە ئێرانییەکان بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزب

## پەیامی بەڕێز زیاء سەدر

تا جهان بودست فراشان گل
از صلحداران خار آزردەاند

هەڤاڵانی هێژا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ستەمی ئایینی لە ئێراندا لە سەردەمی ساسانی بە پشکنینی ئایینی لەلایەن موبەو کرتیرەوە (٢٧٣ی ز)دا دەستی پێ کرد. پاش ئەوەی ئێران خرایە سەر خەلافەتی ئیسلامی (٩٤٢ی ز) بوو بە یەکێك لە ناوچە ناموسڵمانەکانو لە سەردەمی شا سمایلی سەفەوی کە بە زۆری شمشێرو پشکنینی بیرو باوەڕ لەلایەن "تەبەرانیان"ەوە، واتە حیزبوڵڵاییەکان ئەوکات، ئێرانی زۆربە سوننی، ناچار کرا شیعەی دوازدە ئیمامی قبوڵ بکا. ئەم ستەمە لەسەر ٣٠٪ی باقیی موسوڵمانە ناشیعەکان هەروا مایەوە کە زۆربەی سوننییەکانی وەك تورکمەنو بەلووچەکان لە ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە چەوتە بەدوور نەبوون.

لە مەشرووتیەتەوەش کە بنەماڵەکەی لەسەر یەکسانیی هاووڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی دین، نەژاد، ڕەنگی پێستو جینسیەت، بەداخەوە، مەزهەبی ڕەسمیی ئێران بوو بە شیعەی حەقەی دوازدە ئیمامیو پاش (خومەینی)ش بوو بە سیستمێکی دەوڵەتی بۆ سەنگ خستنەسەر سوننییەکان، مەزهەبە ڕەسمیو ئایینو باوەڕە ناڕەسمییەکان (بەهاییەکان، بابییەکان، ئەهلی حەقەکان، ماتریالیستەکان، جیابیرەکانو بێئایینەکان) کە لە سایەی کۆماری ئیسلامییەوە زۆر زیادیان کرد. لە دەورەی پەهلەویدا ئێمە دەردەکانی خۆمان کەم بوون، پان ئاریائیستیش بە نێوەڕۆکی فارسیزمەوە هاتە سەر کە لە کۆماری ئیسلامیشدا لە پاڵ پان شیعیسم، بۆتە دوو پایە لە پایەکانی سیاسەتی دەوڵەتی. هەروەها گەڵاڵە داڕشتنی کۆجێیی ئابووری لە سەردەمی شاوەش، ستەمی ئابووریشی کردۆتە سەرباری دوو ستەمی ئایینی ـ زمانی. بۆیە پێویستە کە بە هاوکاریی هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، وەك ئازەربایجانی، بەلووچ، تورکمەن، عەرەب، گیلەك، لوڕ، مازندەرانی، کۆتایی بەم ستەمە میللییە بێنینو ئەم پێکهاتە یەکپارچە سوننەتییە، لەسەر بنەمای فیدرالیزم داڕێژینەوە. تا هەر ناوچەیەك خۆی بەڕێوەبەرێو هەمووان بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی تێکەڵی میللی، تارانو ئێران بەڕێوەبەرینو کۆتایی بە دەسەڵاتی کەمینەیەك بۆ سەرکوتی زۆرینە بێنین، چوارچێوەیەك بۆ ئێرانێکی دێموکراتو لائیك داڕێژین.

**زیاء سەدر ـ پاریس ١٠ی ژوئەنی ٢٠٠٤**

❊❊❊

## پەیامی کۆمیتەی ڕێکخەری شووڕای کاتیی چەپە سوسیالیستەکانی ئێران

بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هەڤاڵو دۆستانی هێژا!

سڵاوی گەرمو دۆستانەی خۆمان بەبۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب دەردەبڕینو ئاواتی سەرکەوتنی هەرچی زیاترتان لە بڕیاردانو داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزبدا بۆ دەخوازین.

هەڤاڵانی هێژا!

کۆنگرەکەتان لە هەلومەرجێکی ناسك، لە هەلومەرجی بنبەسو بێسەرەوبەرەیی دەستودار لە کۆماری ئیسلامیداو ئاڵۆزیو قەیرانی قووڵ لە ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێ.

لە ئێراندا، کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی کردەوە ڕواڵەتیو سەرکوتکەرەکانی، ئێستە لاوازتر لە هەر کاتێکی دی کەوتۆتە نێو ئاستەنگە لەچارە نەهاتوەکانو تەنگوچەڵەمە ئاڵۆزەکان، نفووزو ڕەوایی خۆی نەك هەر لەنێو خەڵکدا، بەڵکوو لە بەشگەلێکی گەورە لە پایەکانی خۆیدا، لەنێو هێزی نیزامی، ئینتیزامیو ڕووحانییەکاندا لە دەست داوە.

هەوڵو ڕێخۆشکردنی ئەم دوایانەی ئۆتوریتەخوازانی دەسەڵاتدار بە داگیرکردنی مەجلیسو یەکدەستکردنی سێ دەزگاکەش نەك هەر گرێیەك لە پاری شێواوی ڕێژیمو قەیرانەکانی ناکاتەوە، بەڵکوو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پتر لە ڕابردوو لە بەرامبەر خەڵكو داخوازە پەرەسەندووە بژیویو ئازادیخوازانەکانیان ڕادەگرێو بواری بۆ بەرینتربوونەوەی زیاتری بزاڤە خەڵکییەکان خۆش دەکا. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا هەم بەرفرەترکردنی خەبات دژی ئەم ڕێژیمەو هەم کردنەوەی ڕوانگەیەك سەبارەت بە سیستمی ئالترناتیڤ، پێویستییەکە کە حیزب، ڕێکخراوو هێزە ئازادیخوازەکان دەبێ پتر لە پێشوو لەپێناویدا تێبکۆشنو خۆیان لە ئاستیدا بە وەڵامدەر بزانن. ئەم لایەنە گەورەو چووکە پرژو بڵاوانە لەسەریانە کە شانبەشانی توندترکردنی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیو یەکخستنی هێزەکانی خۆیان بۆ پێشڤەبردنو سەرکەوتنی ئەم خەباتە، لە هەمان کاتدا لە نیشاندانی جێگرەوەو دوورەدیمەنێکی ڕوون لە سیستمی ئالترناتیڤو بەرزکردنەوەی ئاستی بزاڤی گشتیی خەڵك بۆ دامەزراندنی ئەم جێگرەوەیە تێبکۆشن.

ئێمە پێمان وایە کۆمارێکی فیدرالی سەربەخۆ، دێموکراتیكو لائیك دوورەدیمەنو جێگرەوەیە کە دەتوانێ وەڵامی پێویستییەکانی دێموکراسی، دابینکردنی مافی هاووڵاتییان، میللەتانو قەومە ئێرانییەکان بداتەوە. جێگیربوونی سیستمێکی ئەوتۆ لە لایەکەوە دابینکردنی مافەکانو بەشداریو نەخشی ڕاستەوخۆی سەرجەم خەڵك لە سەرجەم ئۆرگانگەلی قانوونداندن، ڕاپەڕێنەر مسۆگەر دەکاو لەلایەکی دیکەوەش زامنی دابینبوونی مافە نەتەوایەتیو کەلتوورییەکانی نەتەوەو قەومە جیاجیاکانی ئێران دەکاو دەبێتە هۆی پتەوبوونی پێوەندییە مێژووییو فەرهەنگییەکانی نێوانیانو هەروەها زامنی گەشەی هاوسەنگیی ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی وڵاتیشە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ماوەیەکی دوورو درێژەو لە هەلومەرجێکی دژواردا، خۆڕاگرانە لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، دابینکردنی مافە ئینسانی، نەتەوایەتیو کەلتوورییەکانی هاووڵاتییانی کوردو هەروەها بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیکدا خەباتی کردووەو لەم پێناوەدا قوربانیگەلێ زۆرو نرخی گەورەو لە دەستدانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانو کادرەکانی خۆی، لەوانە ڕێبەرانێك وەك دوکتور قاسملوو شەرەفکەندی، داوە، بێگومان لەم هەلومەرجە ناسکەی ئێستادا، هەروەك ڕابردوو هەروا قورسو قایم دەچێتە پێشەوە.

ڕێکخستنی خەباتێکی ڕێکوپێك، یەکگرتووو بەرفراوان لە پێناوی پێکهێنانی بزاڤێکی گشتگیر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیو دامەزراندنی سیستمێك کە دابینکەری مافەکانی سەرجەم خەڵکی ئێران، نەتەوە جیاجیاکانو قەومەکان بێ. ئەرکێکە کە لە هەلومەرجی ناسکی ئێستادا دەکەوێتە سەرشانی تەواوی هێزە ئازادیخوازەکانو لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو وا دەخوازێ کە سەرلەبەری ئەم هێزانە، بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتیو تێگەیشتنی ڕاستو هەوڵدانی پێویست لە پێناوی سەرخستنیدا گاڤ باوێژن.

هیوادارو دڵنیایین کە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب دەتوانێ بە لێکدانەوەی ڕاستو دروست لە ڕەوشی ئێران، ناوچەکەو بە دەرکردنی بڕیارو ڕێنوێنیگەلی سیاسیو ڕێکخراوەیی پێویست، هەنگاوگەلی گونجاو لە پێخەمەتی وەڵامدانەوەی ئەم پێداویستییانە هەڵبگرێ.

وێڕای باشترین ئاواتەکان بۆ کۆنگرەکەتان

**فرانکفورت، ١٩ی جۆزەردانی ١٣٨٣**
**(٨ی ژوئەنی ٢٠٠٤)**

❊❊❊

## پەیامی بەڕێز کامبیز ڕووستا

پەیام بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاوڕێو هەڤاڵانی بەڕێز!

ڕێگام بدەن وێڕای گەرمترین سڵاوی خۆم، پیرۆزبایی پێکهاتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبیشتان لێ بکەم. هەمووان دەزانن کە لە هەلومەرجی سەختو ئاڵۆزی ناوچەکەو دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا، ئەرکی زۆر گران کەوتۆتە سەرشانی نوێنەرانی کۆنگرە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردو سەرجەم خەباتگێڕانی ناوچەکە. گیرانی کۆنگرەکەتان ئاگادارکردنەوەی سەرلەنوێی

ڕێژیمی دژی گەلی‌و فاشیزمی مەزهەبیی زاڵ بەسەر وڵاتەکەمان ئێران، ئاگادارکردنەوەیەکی خەباتگێڕانەیە بۆسەر لەبەری ناوچەکە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەڵگرتنی دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان"، بە هەڵگرتنی سیاسەتێك کە لەسەر بنەمای دێموکراسی، لائیسیتە‌و فیدرالیزم دامەزراوە، شانبەشانی خەباتگێڕانی پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی ناوچە، بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران‌و پێکهێنانی هەلومەرجێکی دێموکراتیك‌و مرۆڤانی لە ناوچەکەدا تێدەکۆشێ‌و جێگای ڕێزی سەرجەم ئازادیخوازانە.

بڕیارەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی ئێوە، دیسان هیوا‌و ئومێد دەخەنەوە دڵی خەباتگێڕانی ئۆپۆزیسیۆن لە سەرانسەری وڵاتدا. گەلی کورد، سوورە لەسەر خەبات تا رووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا. دڵنیام کە کۆنگرەکەتان هیوا‌و ئومێدەکان دێنێتە دی، دەستتان دەگووشم، سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**بەڕێزو حورمەتەوە**

**دۆستی ئێوە کامبیز رووستا**

* * *

## پەیامی بەڕێز هەژیر تەیموریان

ئەندامانی مێرخاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەو پیاوە چینی‌یەی کە لە دەورانی کۆندا وتی: "هیوادارم لە چەرخێکی پڕ سەیرو سەمەرەدا نەژیت" پیاوێکی بەئەزموون بوو. ئێمە ئێستا کە لە رۆژگارێکی سەیرو پڕمەترسی‌دا دەژین. لە حاڵێکدا لە لایەکەوە مافی مرۆڤ بەڕەسمی داڕێژراوەو بۆتە بابەتێکی جیهانی، دەوڵەتە گەندەڵ‌و زاڵمەکان بە چەکی کۆکوژ خۆیان پڕچەك دەکەن‌و دەستیان بە خوێنی خەڵك سوورەو کەچی خۆشیان لە سزا دەرباز دەبن.

بە خۆشی‌یەوە پارەکە یەکێك لە خراپترینەکانیان بەهۆی هێزەکانی ئامریکایی‌و بریتانیایی‌یەکانەوە روخێنراو ئەمەش ئەو بوارەی بۆ نەتەوە، ئایین‌و مەزهەبە جیاجیاکانی عێراق رەخساند کە داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان دابڕێژن. لەوە دەترسم کە ڕێبەرانی هێندێك لەو هێزە عێراقیانە عەقڵیان بەوە نەشکێ کە لەو هەلە کەڵك وەرگرن. هەموومان دەزانین کە جیابوونەوەی تەواو لە عێراق مافی ئەخلاقیی خەڵکی کوردستانی عێراقە کە هەشتا ساڵە بەدەست چەوسانەوەی عەرەبەوە ئازاریان چێشتوە. بەڵام هەر مرۆڤێکی ژیرو واقیعبین لاریی لەوە نیە کە کوردستان لە هەموو لایەکەوە لەلایەن نەتەوە پەرستە توندڕەوە تورك‌و عەرەبەکان‌و هەروەها ئیسلامخوازە فارسەکانەوە کە چ مافێك بۆ کەمایەتی‌یەکانی بندەستەڵاتیان نادەن، دەورە دراون. لە ئێراندا ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان هێشتا لەو دنیا کۆنەدا دەژین کە باوو باپیرانیان تێیاندا ژیاون‌و لە چوارچێوەی هەزری عەشیرەو هۆزەکانی مەکەو مەدینەدا قەتیس ماون. ئەمن لە مێژە کە لە دوور ڕا ئاگاداری جوامێری، ئازایەتی‌و سیاسەت‌و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوومەو هەروەك رابردووش لەنێو لایەنگرانی ئێوە دەمێنمەوە.

**کۆنگرەکەتان پیرۆز بێت**

**هەژیر تەیموریان**

**لەندەن، ژوئەنی ٢٠٠٤**

* * *

## پەیامی بەڕێز محەممەد باقر موئمنی

هاوڕێیان‌و پێشمەرگە ئازیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئێستا کە لە بەرەبەری شەستەمین ساڵڤەگەڕی بزاڤی دێموکراتیك‌و دامەزرانی دوو کۆماری خودموختاری کوردستان‌و ئازەربایجان داین‌و هەروەها کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەکەشتان خەریکە دەبەسترێ، پێم خۆش بوو لەنێو ئێوەدا بام‌و لە نزیکەوە دەردە دڵم لەگەڵ کردبان، دەردە دڵ سەبارەت بە ئیعدامی ناجوامێرانەی قازی‌یەکان، سێ برای ئاڵاهەڵگری دێموکراسی لە کوردستانی ئێران‌و کوشتاری گشتیی خەڵکی ئازەربایجان بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی نیزامی پادشایەتی، دەردە دڵ لەمەڕ کودەتای ئیمپریالیستە ئامریکایی‌و ئینگلیسی‌یەکان‌و بەکرێگیراوان‌و ئاڵقە لە گوێیە ئێرانی‌یەکانی، ئەوانە کە سەرەڕۆیی درێژخایەن‌و ترسناکی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی پۆلیسی پاشایەتیی لێ کەوتەوە، دەردە دڵ سەبارەت بە سەرەڕۆیی رەشی پاشڤەڕۆیانەو فاشیستیی ئایینی کە تەنیا میراتگرێکی راستەقینەی هەمان سەرەڕۆیی پاشایەتی‌و، هەروەها وتووێژ سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ رووخاندنی کۆشکی سەرەڕۆیی‌و هەڵکردنی ئاڵای ئازادی لەسەر بەرزترین دوندی زێدە ئازیزەکەمان.

دۆستان! بێگومان ئێوە چاك دەزانن کە وەدیهێنانی ئامانجێکی ئەوتۆ چەند ئەستەمە، بەڵام هەر لەو کاتەدا گشتمان دەزانین کە سەرەڕۆیی ئایینی سەرەڕای ئەو هەموو تاکڕەوی‌و کەشوخشەیەی، ئیدی لە مێژە لە نێو دڵی خۆیدا خەریکە هێزی دژ بەخۆی بەرهەم دێنێ‌و لە دەرەوەش ڕا کەوتۆتە ژێر گڤاشی گەلی دێموکراتیك‌و لائیك، کە لە گەوهەری خۆیدا‌و بە هەموو شێوەکانی‌یەوە سەرەڕۆیانەو پاشڤەڕۆیانەیە. کە [ئەم دوو هێزە] دەبێ هەرچی خێراتر دەست بکەن بە ڕێکخستنی خۆیان‌و بە یارمەتیی یەکدی، ئەم بەردینە بۆگەنە کە بە پشتیوانیی ئیمپریالیستەکان‌و بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئامریکا لە قووڵایی زەلکاوەکانی مێژووەوە سەری هەڵ دا، بیگێڕنەوە شوێنەکەی خۆی.

بە ئاواتی سەرکەوتنی سەرجەم هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە سەرانسەری وڵاتدا‌و خودموختاری بۆ کوردستان‌و نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

**محەممە باقر موئمنی**

**١٣٨٣/٣/١٤**

* * *

# پەیامی حیزب‌و کەسایەتی‌یە بیانی‌یەکان بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب

## پەیامی بەڕێز ستان نیوز، سەرۆکی حیزبی ئازادیی ئینگلستان

گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکێش دەکەم‌و هیوای سەرکەوتن بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان دەخوازم. بە قووڵی ئومێدمان هەیە کە خەبات بۆ ئازادی‌و گەشەسەندنی کوردو هەموو گەلانی ئێران بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ. سڵاو و ڕێز بۆ زەحمەت‌و فیداکاریی ئەوانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بنیات ناو بردیانە پێش‌و وێڕای هاوپێوەندی‌و پشتیوانیم لە هەوڵ‌و تێکۆشانی داهاتووتان.

**ستان نیوز، سەرۆکی حیزبی ئازادیی ئینگلستان**

**٧ی مەی ٢٠٠٤ لەندەن**

* * *

## پەیامی بەڕێز جێرمی کۆربین

عەبدوڵڵا حەسەن زادە!

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی خۆشەویست!

بەبۆنەی کۆنگرەی سێزدەهەمتانەوە گەرمترین سڵاو و پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم. ئەمە لەکاتێکی هەستیار لە چوونەپێشی خەباتی کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسین‌و ئاشتی دایە. ئەمن ئافەرین بە خەباتی حیزبی ئێوە دەڵێم کە بۆ بەرزکردنەوەی ویستەکانی کوردەکانی ئێران تێدەکۆشن‌و هیوام ئەوپەڕی سەرکەوتنتانە.

گەلی کورد لە ئێران دا یەکەمین حکوومەتی مۆدێڕنی کوردیی مێژوویی‌یان دامەزراند. نموونەی مەهاباد‌و دواتر ئیلهامی دا بە سەرجەم نەتەوەی کوردو زۆر گەلی دیکەی دنیاش. ئێوە هەتا دێ لە ئینگلستان‌و ئورووپای رۆژئاوادا زیاتر دۆست‌و پشتیوانتان بۆ دروست دەبێ. خەباتی ئێوە سەرەنجام دەبێ سەرکەوێ، چونکە خەباتێکی ڕەوایە.

**لەگەڵ جوانترین سڵاوەکان،**

**جێرمی کۆربین**

**ئەندامی پارلمانی ئینگلستان‌و جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لەو پارلمانەدا**

**لەندەن ـ ٢٣ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

* * *

## پەیامی بەڕێز لۆرد ئێریك ئەیڤبری

ئاغای حەسەن زادەی خۆشەویست!

بەبۆنەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان، گەرمترین پیرۆزبایی بە ئێوەو بە هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێم. ئێوە لە هەلومەرجێکی سەخت‌و مەترسیدار بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران‌و بۆ سەرجەم ناوچەکە ئەو کۆبوونەوە گرینگە دەبەستن. تێکهەڵچوونی نێوان خۆپێشاندەرانی ئاشتیخوازو هێزە ئینتیزامی‌یەکان لە کامیاران تازەترین ڕووداوی تۆماری بێبڕانەوەی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چارەسەری پرسە سیاسی‌یەکان لەڕێگای هێزی نیزامی‌یەوەن. لە هەمان کات دا پەڕینەوەی تیرۆریستەکان‌و باری چەك‌و چۆڵ لە سنوور [ی ئێران ڕا بۆ عێراق] زیانی گەورە بە ئاڵوگۆڕی دێموکراتیك لە عێراق کە خودموختاریی کوردەکان بەشێکیەتی دەگەیەنێ.

هیوادارم لە ڕاوێژو بڕیارەکانتان دا تەواو سەرکەوتوون، ئەوەش بە زانایی‌و توانای سیاسیی ڕێبەری‌یەکەتان بەستراوەتەوە.

**لۆرد ئێریك ئەیڤبری**

**ئەندامی مەجلیسی ئەعیانی ئینگلستان‌و سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لەو مەجلیسەدا**

**١١ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

* * *

## پەیامی بەڕێز ئاولین رۆس

بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەبۆنەی کۆنگرەی سێزدهەمتان، بەرەی چەپی فینلاند گەرمترین سڵاوو ڕێزتان پێشکەش دەکا‌و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازێ.

پاش ئەوەی هێندێك زانیاریمان لەسەر حیزبەکەتان‌و ئامانج‌و پرەنسیپەکانی پەیدا کرد، دیتمان کە حیزبی ئێمەو حیزبی ئێوە هەمان ئامانج‌و بەها بنەڕەتی‌یە سوسیالیستی‌یەکانیان هەیەو وەك یەك باوەڕیان بە ئازادیی وەك مەرجێکی ژیانی باش، یەکسانیی تەواوی مرۆڤەکان لەهەموو بوارەکانی ژیان دا‌و دێمۆکراسی وەك ئامرازو ئامانجی سیاسەت هەیە.

ئێمە دەزانین کە ئێوە ناچارن لە سەختترین هەلومەرج دا خەبات بکەن‌و بەردەوام لەگەڵ ئەو کۆسپ‌و مەترسی‌و فیداکاری‌یانە بەرەوڕوون کە ئێمە شانسی ئەوەمان هەیە لێیان دوور بین. هەربۆیە ڕێز لە ئازایەتی‌و نەسرەوتنتان دەگرین. ئێمە هەروەها هەوڵ‌و بایەخی تێکۆشانتان دەزانین، چونکە لەهەر جێیەکی جیهان هەر هەنگاوێك لەپێناو دێمۆکراسی‌دا هەڵبگیرێ، لە درێژخایەن دا بە قازانجی هەموو خەڵکی دنیا تەواو دەبێ.

**لەگەڵ سڵاوی گەرم!**

**ئاولین رۆس، سکرتێری گشتیی بەرەی چەپی فینلاند**

**هێلسینکی ـ ٢٠٠٤/٦/٢٩**

* * *

## پەیامی بەڕێز بورد کێتیل ونهاوگ

بۆ عەبدوڵڵای حەسەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

وەك دۆستێکی گەلی کورد، دەمهەوێ پەیامی دۆستایەتی‌و هاوکاریتان بۆ بنێرم. حیزبی جەنابت باشترین وێنەیە بۆ خەباتێکی ئازادیخوازانە بۆ دونیایەکی باشترو ژیانێکی ئینسانی. من زۆرت سپاس دەکەم!

من هەروەها دەمهەوێ لە قووڵایی دڵمەوە ڕێزی جەنابت بگرم بۆ ئەو کارانەی کە لە حیزب دا کردوتن: حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو بەئەندامێکی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست، بەدیهاتنی گۆڕەپانی دیالۆگ لەنێوان هێزە کوردیەکانی کوردستانی ئێران.

هەروەها دەمهەوێ پیرۆزبایی بکەم بۆ کاندید بوونت بۆ خەڵاتی پالمە لە ٢٠٠٤دا.

هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبەکەتان دا.

**لەگەڵ ڕێزی زۆرم**

**بورد کێتیل ونهاوگ**

**مامۆستاو نووسەر**

***

## پەیامی بەڕێز ماریۆن زیلێگ

حەسەن زادەی خۆشەویست!

بەناوی گرووپی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئەڵمان، لە پەرلمانی بێرلین، پیرۆزبایی گرتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانتان ئاراستە دەکەم. لە ناخی دڵمەوە هیوادارم کە لە داهاتووش دا حیزبی ئێمە PDSو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەروا پێوەندیی باش‌و بەبەرهەمیان لەنێوان دا هەبێ.

**لەگەڵ سڵاوی سوسیالیستانە**

**ماریۆن زیلێگ**

**جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی حیزبی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیکی ئاڵمان لە پەرلمانی بێرلین**

**بێرلین، ٣ی ژووئەنی 1 August, 2004**

* * *

## پەیامی بەڕێز پرۆفسۆر ئالبرێشت کۆپخنی

ئاغای حەسەن زادەی خۆشەویست!

ئێوە داواتان لە دوکتور هاینتس فیشێر کردوە کە پەیامێك بۆ کۆنگرەی ئێوە بنێرێ. هەروەك دەزانن لەو ماوەیەدا دوکتور هاینتس فیشێر بە سەرۆکی تازەی کۆماری ئوتریش هەڵبژێردراوە. بێشك دەرکی ئەوە دەکەن کە لەو پلەوپایەیەدا ئاغای فیشێر ناتوانێ هیچ بیروبۆچوونێکی لایەنگرانەی سیاسی دەرببڕێ. بەڵام دەتوانم دڵنیات بکەم کە ئاغای فیشێرو حیزبەکەی ئێمە بەپێی سوننەتی هەمیشەیی خۆمان لە پشتیوانی‌کردن لە هەڵوێستەکانی ئێوەدا هەروا وەفادارەو شتێك کە لە پەیامی سەرۆکی حیزبەکەمان ڕا دوکتور هالفرێد گووزن باوێر کە ڕەنگە ئێستا بە دەستتان گەیشتبێ بە باشی دەردەکەوێ.

**لەگەڵ هەستی دۆستانە،**

**پرۆفسۆر ئالبرێشت کۆپخنی، بەرپرسی سکرتاریای نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئوتریش**

**بێرلین، ٢٠٠٤ /٦/٨**

* * *

## پەیامی بەڕێز رووێدیگێر لۆیتسیر

ئاغای حەسەن زادەی خۆشەویست!

بەناوی "کۆمەڵەی دۆستایەتیی ئەڵمانی‌و کورد لە بێرلین" پیرۆزبایی خۆمتان بە بۆنەی گیرانی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێشکێش دەکەم. ئەمنیش وەك ئێوە هیوادارم لە داهاتوودا ئێرانێکی دێمۆکراتیك‌و ئاشتیخواز وەدی بێ‌و خەباتی کوردیش سەرکەوێ. هەروەها هیوادارم کە حیزبی ئێوەو کۆمەڵەی ئێمە لە داهاتووش دا پێوەندی‌یە گەرمەکانی خۆیان درێژە پێبدەن.

**رووێدیگێر لۆیتسیر، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی "کۆمەڵەی دۆستایەتیی کوردو ئەڵمانی" لە بێرلین.**

**٨ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

* * *

## پەیامی بەڕێز ئەنگێلیکا بێر

بۆ کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی خۆشەویست!

وێڕای پشتیوانیمان لە ئامانجەکانی دێمۆکراسی‌و مافی مرۆڤ، هیوادارم حیزبەکەتان کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بگرێ‌و داهاتوویەکی باشی‌لە پێش دا بێ. سەوزەکانی ئەڵمان بە ڕوونی دۆستایەتی‌و هاوپێوەندی لەگەل ئێوە، بایەخ بە کوردەکانی ئێران دەدەن. ئەگەرچی هێشتا دەرەتانی چارەسەری سیاسیی مەسەلەی کورد نە لە ئێران‌و نە لە تورکیە پێك نەهاتوە، بەڵام ئێمە هیوامان بەوە هەیە کە دیالۆگی سیاسی دەتوانێ ئاکامی باشی بۆ پێشڤەچوونی مافە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان بە دواوە بێ.

ئاڵوگۆڕەکانی عێراق هیوایەکی لێڵیان لەگەڵ خۆیان دا هێناوە، بەڵام ڕەنگە شوێنەوارێکی باشیان لەسەر دۆخی کوردەکان هەبێ. ئەگەر بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە ڕێگامان پێبدا زۆر خۆشحاڵ دەبین کە بتوانین لە کۆنگرەی ئێوەدا بەشدار بین.

**لەگەڵ جوانترین سڵاوەکان**

**ئەنگێلیکا بێر، سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئەڵمان**

**١٩ی مەی ٢٠٠٤**

* * *

## پەیامی بەڕێز بۆب سپینك

زۆر خۆشحاڵم کە پەیامێکی پشتیوانی‌و هاوپێوەندی بە بۆنەی کۆنگرەی ١٣ی حیزبەوە دەنێرم!

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نابێ دۆخی نالەباری گەلی کورد لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان وەپشت گوێ بخا. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەسەریەتی بۆ گەیشتنی کوردەکانی هەر جێیەك بە ئاشتی‌و عەدالەت تێبکۆشێ.

گەرمترین سڵاوی خۆم پێشکێش بە هەموو کوردێك دەکەم.

**بۆب سپینك، ئەندامی پارلمانی ئینگلستان لە حیزبی موحافیزەکار**

**٣ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

* * *

## پەیامی بەڕێز رووپ ڕێشت پۆڵنتس

سکرتێری گشتیی خۆشەویست!

بۆ من جێگای خۆشحاڵی‌یە کە پیرۆزبایی خۆمتان بە بۆنەی کۆنگرەی سێزدەی حیزبەکەتان ئاراستە بکەم، هیوادارم‌و دڵنیام کە کۆنگرەکەتان نەخشێکی گرینگ لە هێنانەگۆڕو پەرەپێدانی بیرو پێشنیاری شیاو بۆ ئاشتی‌و دێموکراسی لەئێران دەگێرێ، ئاواتەخوازی ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتانم.

لەگەڵ سڵاوی برایانە،

رووپ ڕێشت پۆڵنتس

سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێمۆکرات مەسیحیی ئەڵمان CDUو ئەندامی ئێستای کۆمیسیۆنی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی پەرلمانی ئەڵمان‌و یەکێك لە بەرپرسانی سەرەکیی کاروباری پێوەندیدار بە ئێران لە فراکسیۆنی CDU لە پەرلمان.

**هانۆڤەر، ٢٦ی مەی ٢٠٠٤**

* * *

## پەیامی بەڕێز خاتوو هایدروون مێرك

جەنابی حەسەن زادەی خۆشەویست!

بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەکەتان

حەز دەکەم هیوای ئەوە دەربڕم کە نەك تەنیا کۆنگرەیەکی بە بەرهەمتان هەبێ، بەڵکوو هەروەها کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی جیهان




## بانگهێشتنی زەینەدین بۆ تیمی میللیی کاراتە

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لەلایەن دەباغیان، ڕاهێنەری تیمی میللیی کاراتەی ئێران، موسلمی زەینەدین، یاریزانی کاراتەی شاری کرماشان بە مەبەستی پێکهێنانی تیمی میللیی کاراتەی ئێران، بۆ بەشداری لە یارییە جیهانییەکان لە مێکزیك بۆ تیمی میللی بانگهێشتن کرا.

## سەرکەوتنی کرماشان لە کاراتەی دەستە یەکەمی ئێراندا

یارییەکانی کاراتەی دەستە یەکی ئێران، ڕۆژی ١٩ی پووشپەڕ بە بەڕێوەچوونی یارییەکانی حەوتووی یەکەم‌و دووهەم دەستی پێ کرد. لەم یارییانەدا تیمی هەیئەتی کرماشان لە یاریی یەکەمدا، ٢١ ـ ٠ لە تیمی تراکتۆری ئێرانی بردەوە‌و لە یاری دووهەمیشدا ١٤ ـ ٥ لە تیمی بانکی کارئافەرینی بردەوە‌و بەو چەشنە لە سەرەتای یارییەکاندا دوو سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنی ئیلام لە حەوتووی یەکەمی تێکواندۆی ئێراندا

یارییەکانی لیگی تێکواندۆی ئێران (ئایندەسازان) ڕۆژی ٣١ی پووشپەڕ دەستی پێ کرد. لەم ڕۆژەدا یارییەکانی حەوتووی یەکەم بەڕێوەچوون کە لە ئاکامدا تیمی هەیئەتی ئیلام ١٠ ـ ٠ لە هیلال ئەحمەری کرمانی بردەوە.

## میدیا‌و نێدا قارەمانی پینگ پۆنگی ئاسیای نێوەڕاست

یارییەکانی پینگ پۆنگی لاوانی ژێر ٢٠ ساڵی ئاسیای نێوەڕاست کە لە شاری تاران دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕ کۆتاییان پێ هات. لەم یارییانەدا لە ئاستی کوڕاندا، میدیا لوتفوڵڵا نەسەبی، یاریزانی سنەیی تیمی لاوانی ئێران، پلەی یەکەمی وەدەست هێنا‌و لە ئاستی کچانیشدا نێدا شەهسەواری، کچە یاریزانی کرماشانیی تیمی ئێران پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

هەروەها لە یارییەکانی دووبل (یاری دووکەسی)دا تیمی میدیا‌و بوجاریان پلەی یەکەمی یارییەکانیان وەدەست هێنا. پێویستە بگوترێ لە ئاستی تیمیدا، تیمی ئێران پلەی یەکەم‌و تورکەمەنێستان پلەی دووهەمیان وەدەست هێنا.

# هەواڵە وەرزشــــــییەکان

**ئا: ئەشکان**

## سەرکەوتنی لاوانی کورد لە جۆدۆی ئێراندا

یارییەکانی قارەمانیی جۆدۆی لاوانی ئێران (ژێرەوەی ٢٠ ساڵ) ڕۆژی ٢٦ی پووشپەڕ کۆتایی پێ‌هات‌و لە ئاکامدا سێ لاوی کورد سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا:

لە کێشی ١٠٠ + کیلۆدا، کرمان خۆسرەوی لە کرماشان پلەی یەکەم
هەر لەم کێشەدا، بەهمەن خۆسرەوی‌نیژاد لە ئیلام پلەی سێهەم
لە کێشی ٨١ کیلۆدا، بەهرام عەزیزپوور لە ئیلام پلەی دووهەم

## فەرەیدوون گورانی قارەمانی لەشجوانیی ئێران

یارییەکانی قارەمانیی لەشجوانیی ئێران بە مەبەستی دیاریکردنی تیمی میللیی ئێران بۆ بەشداری لە یارییەکانی قارەمانیی ئاسیا لە بەحرەین، ڕۆژی ٣ی گەلاوێژ لە شاری تاران کۆتایی پێ‌هات.

لەم یارییانەدا فەرەیدوون گورانی یاریزانی کرماشانی، پلەی یەکەمی کێشی ٨٠ کیلۆی ئەم یارییانەی وەدەست هێنا تا ببێتە یەکێك لە بەشدارانی تیمی میللیی ئێران لە یارییەکانی بەحرەیندا.

## کرماشان قارەمانی زۆرانی نەونەمامانی ئێران

یارییەکانی زۆرانی نەونەمامانی ئێران (ژێرەوەی ١٢ ساڵ) کە لە شاری ڕەشت دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ٣ی گەلاوێژ بە قارەمانیی کرماشان کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا ٣٤٧ زۆرانەوان لە ٣١ تیمی سەرتاسەری ئێران بەشدار بوون‌و یارییەکانیان لە کێشەکانی ٣٢ تا ١٠٠ کیلۆدا بەڕێوە چوون‌و بەدوای کرماشان، تاران‌و مازەندەران پلەی دووهەم‌و سێهەمیان وەدەست هێنا.

## قارەمانیی ئێران بە لێهاتوویی یاریزانانی کورد

یارییەکانی بەستێکباڵی قارەمانیی ڕۆژئاوای ئاسیا کە ڕۆژی ٥ی گەلاوێژ بە بەشداریی وڵاتانی ئێران، ئوردۆن، عێراق، سووریە‌و لوبنان لە تاران دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ٩ی گەلاوێژ بە قارەمانیی ئێران کۆتایی پێ‌هات.

لەم یارییانەدا سێ یاریزانی کوردی تیمی ئێران لە سەرکەوتنەکانیدا ئێران نەخشی بەرچاویان هەبوو لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکاندا وەك یاریزانی سەرەکیی تیمی ئێران کەڵکیان لێ وەرگیرا. کەرەم ئەحمەدیان کاپیانی تیمی میللیی ئێران، خەڵکی کرماشان، سامان وەیسی‌و حامید سوهرابنیژاد هەردووك لە سنە، یاریزانە کوردەکانی تیمی ئێران بوون.

## تیمی دووهەمی برێزیل قارەمانی کوپا ئەمریکا

چل‌و یەکەمین خولی جامی نەتەوەکانی ئەمریکای باشوور (کوپا ئەمریکا) ڕۆژی ٥ی گەلاوێژ بە قارەمانیی تیمی برێزیل کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا کە بە بەشداریی ١٠٠ تیمی ئەمریکای باشوورو ٢ تیمی میوان (مێکزیك‌و کوستاریکا) بەڕێوە چوون، لە کۆتاییدا بریزیل کە بە تیمی پلە دووهەمی خۆی لەم یارییانەدا بەشداریی کردبوو‌و ئارژانتین بەدوای سەرکەوتن بەسەر تیمەکانی دیکەدا گەیشتنە یاریی کۆتایی. لە یاریی کۆتاییدا هەر دوو تیم دوای ١٢٠ دەقیقە یاری، ٢ــ٢ بەرانبەر بوون. هەر بۆیە بۆ دیاریکردنی قارەمانی یارییەکان پەنا برایە بەر لێدانی پنالتی کە لەم بەشەدا برێزیل ٤ ـ ٢ سەرکەوتنی وەدەست هێنا تا بۆ حەوتەمین جار پلەی قارەمانی لە مێژووی کوپا ئەمریکادا وەدەست بێنێ. ئەم یارییانە لە وڵاتی پێرۆ بەڕێوەچوون‌و یاریی کۆتایی لە یاریگای میللیی شاری لیما لە بەردەم ٤٣ هەزار کەس‌و بەناوبانگیوانیی "کارلوس ئاماریای" پاراگوایی بەڕێوەچوو. هەردوو گوڵی ئارژانتین لە خولەکانی ٢٠‌و ٨٧ بەهۆی گونزالیزو دلگادو هەروەها گوڵەکانی برێزیل لە خولەکانی ٤٥‌و ٩٣ بەهۆی لویزانۆو ئەدریانۆ تۆمار کران.

لەم یارییانەدا ئەدریانۆ یاریزانی برێزیل بە تۆمارکردنی ٧ گۆڵ، وەك باشترین گۆڵکەر دیاری کرا.

## ٢٣ی گەلاوێژ، دەستپێکردنی ئولەمپیکی ٢٠٠٤ی ئاتێن

ڕۆژی هەینی ٢٣ی گەلاوێژ، بیست‌و هەشتەمین خولی یارییەکانی ئولەمپیك لە شاری ئاتێنی یۆنان دەست پێ دەکا. لەم یارییانەدا کە بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ درێژە دەکێشێ، زیاتر لە یازدە هەزار یاریزان لە سەرتاسەری جیهان بەشداریی دەکەن‌و ٣٣ یاریی جۆراوجۆری وەرزشی لە ئاستی پیاوان‌و ژناندا بەڕێوە دەچن.

خولی پێشووی ئەم یارییانە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری سیدنیی ئوستralیا بە بەشداریی ١١١١٦ یاریزان لە ٢٠٠ وڵاتی جیهان بەڕێوە چوو.

## دەستپێکردنی سێزدەهەمین خولی جامی نەتەوەکانی ئاسیا




سێزدەهەمین خولی جامی نەتەوەکانی ئاسیا، ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕ لە شاری پێکەنی چین بە یاریی نێوان چین‌و بەحرەین دەستی پێ کرد. لەم یارییانەدا ١٦ وڵاتی ئاسیایی لە چوار گرووپی چوار تیمیدا یارییەکانیان دەست پێکردو لە ئاکامدا یەکەم‌و دووهەمی گرووپەکان بۆ قۆناغی یەك چوارەم سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. لە قۆناغی یەك چوارەم کە بەشێوەی حەزفی بەڕێوەچوو، ئێران ٤ ـ ٣ لە کورەی باشوور، چین ٣ ـ ٠ لە عێراق، بەحرەین ٦ ـ ٥ لە ئوزبەکێستان (بە لێدانی پێنالتی)‌و ژاپۆن ٥ـ ٤ لە ئوردۆن (بە لێدانی پێنالتی)ی بردەوە. تا یارییەکانی پێش کۆتایی بەم شێوەیە بەڕێوە بچێ. ئێران ـ چین (میوانداری یارییەکان)، ژاپۆن (قارەمانی خولی پێشوو) ـ بەحرەین. سەرکەوتووی ئەم دوو یارییە یاری کۆتایی (فیناڵ)‌و دۆڕاوەکانیش یاری ڕیزبەندی بەڕێوە دەبەن.

ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ یارییەکانی پێش کۆتایی بەڕێوە چووو، ١٦ی گەلاوێژیش یارییەکانی کۆتایی بەڕێوە دەچن.

***

درێژەی لاپەڕەی ١٠

لەسەر بڕیارەکانتان لەو هەلومەرجە ناسك‌و سەختەدا کە ئێوە هەر ڕۆژە لەگەڵی بەرەوڕوون، ئاگادار دەکەنەوە.

لەگەڵ گەرمترین سڵاو،

**هایدروون مێرك**
**ئەندامی پارلمانی ناوچەی "نیدر زاکسن"ی ئەڵمان‌و وەزیری پێشووی کاروباری ئورووپا لە حکوومەتی فیدراڵی ئەوناوچەیەدا**

***

## پەیامی بەڕێز پیتێر کووك

ئاغای عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری خۆشەویست!

بەناوی حیزبی کاری ئوستralیا، حەز دەکەم باشترین هیواو ئارەزووەکانی خۆمان ڕەوانەی خۆت‌و حیزبەکەت بکەم. هیوادارم کۆنگرەی ئەمجارەتان کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێ. لەپشتیوانیی حیزبی کاری ئوستralیا لە خەباتتان بۆ دێمۆکراسی‌و عەدالەت‌و ئازادی‌و مافی چارەی خۆنووسین دا دڵنیا بن.

**وێڕای سڵاوی برایانە**
**پیتێر کووك، سکرتێری نێونەتەویی حیزبی کاری ئوستralیا**
**٦ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

***

## پەیامی بەڕێز هلن ئیکرسبێرگ

بەڕێز حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

ڕێکخراوی نۆروێژی بەرگری لە مافی گەلی کورد پشتیوانی دەکا لەو خەبات‌و تێکۆشانە گرینگەی ئێوە بۆ بەرەوپێش بردنی مافە سیاسی‌و کولتووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی لەئێران دا. ئەمجارە دەبێ وڵاتانی ڕۆژئاوا دەرکی ئەوەیان بێت کە چەندە گرینگە ئێمە لەم ڕۆژەدا پشتیوانی دەکەین لە بەرەسمی ناسینی ئێوە‌و خەباتەکەتان.

**لەگەڵ سڵاوی دۆستانەمدا**
**هلن ئیکرسبێرگ**
**ڕێکخراوی نۆروێژیی بەرگری لە مافی گەلی کورد**

***

## پەیامی بەڕێز کریس هانا

بۆ حەسەنزادەی خۆشەویست!

هەروەك دەزانن ئەمن ئەندامی حیزبی سەوزەکانم. سەوزەکانی ئوستralیا هەڵگری پرەنسیپ‌و ئامانجەکانی عەدالەتی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، ڕێزگرتن لە ژینگە، دێمۆکراسی‌و ئاشتین.

دەزانم ئێوەش باوەڕتان بەو ئامانج‌و ئەسڵانە هەیە. پڕ بەدڵ ئاواتەخوازم لە خەباتتان بۆ ئاشتی‌و دێمۆکراسی لە وڵاتەکەتان داو لە هەر شوێنێك کە گەلەکەتان دەژی سەرکەون.

**لەگەڵ سۆزی دۆستانە**
**کریس هانا**
**ئەندامی پارلمانی باشووری ئوستralیا**

***

## پەیامی بەڕێز هوگۆڤان ڕۆمپایی

جەنابی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!
دۆستانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە!

ئیجازەم بدەن هەتا بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەکەتان، جوانترین هەستەکانی دۆستایەتی‌و هاوپێوەندیی خۆم لەگەڵ ئێوە دەربڕم.

هەروەك دەزانن ساڵی ڕابردوو بە یارمەتیی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل کتێبێکم لەسەر مەسەلەی کورد بەچاپ گەیاند. لەمانگی ئوکتۆبری ڕابردووەوە دەستم کردوە بە ئامادەکردنی تێزێکی دوکتوڕا لە زانستگەی ئایین ناسیی زانکۆی "لووڤەن". سەردێڕی تێزەکەم ئەوەیە کە ئایا گەلێك [کوردەکان] مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی هەیە؟ و لە ساڵی ٢٠٠٧دا تەواو دەبێ. بەهۆی کاروباری خۆم‌و هۆگرییەك کە بە مەسەلەی کوردەوەم هەیە ئامادەی بەشداری لە هەرچەشنە تێکۆشانێکی ئێوەداو پشتیوانی کردنتان هەم.

**گەرمترین سڵاوەکانم قبووڵ بکەن**
**هوگۆ ڤان ڕامپایی، سەناتۆری ئیفتیخاری لە بیلژیك**
**٢٠٠٤/٥/٢٤**

***

## پەیامی بەڕێز بێرنارد دۆران

بەڕێز سکرتێری گشتی، دۆستی ئازیز!

لەوەکە بەم زووانە کۆنگرەی سێزدەی حیزبەکەتان دەگرن، حەز دەکەم پەیامی گەرمی خۆم‌و هیوای سەرکەوتن لە کارەکانتان دا ئاراستەی بە ئێوە‌و سەرجەم نوێنەرانی کۆنگرە بگەیەنم.

من لە ڕێگای سیمای گەورەی قاسملووەوە کە لە پاریس چاوم پێی کەوتبوو و ببووین بە دۆست، لەگەڵ ئامانجەکانی ئێوە ئاشنا بووم. قەتڵی ناجوامێرانەی وی لە ڤییەن ئەمنیان بۆ هەمیشەو بە قووڵی هەژاند. من دەزانم کە خەباتی بێ‌پسانەوەی ئێوە بۆ مافە نەتەوایەتی‌یە حاشاهەڵنەگرەکانی کوردەکانی ئێران‌و لەوەش زیاتر بۆ مافە سەرەتایی‌یەکانی مرۆڤ، خەباتێکە کە پێوەندیی بە گەلی کورد لەتەواوەتیی خۆی‌داو تەنانەت بەهەموو مرۆڤایەتی‌یەوە هەیە.

لەسەردەمێك دا کە شەپۆلی کوێری توندوتیژی خەریکە دنیا دادەگرێ، ئێوە نموونەی هەرە جوان‌و هەرە بەرزی خوێن ساردی‌و میانەڕەوین، شتێك کە بە هیچ جۆر لە لێبڕاویتان بۆ وەدیهێنانی مافەکانتان کەم ناکاتەوە. مادام ئێوە پشتیوانیی هەر ڕۆژە ڕوو لە زیادبوونی خەڵکی کوردستانی ئێرانتان لەگەڵە، دڵنیام نە شکست دەخۆن‌و نە لەنێو دەچن. زەمان بە قازانجی ئێوەیە بە مەرجێك کە ڕێژەی زاوزێ لەنێو کورداندا لەسەرێ بمێنێتەوەو هەروەها هەستی نەتەوەیی لەڕێگای زمان، ئەدەبیات، مێژوو و داب‌و نەریتتان هەروا بە قایمی خۆی بنوێنێ.

هەربۆیە بە هیواو متمانە بە داهاتووتان سڵاو لە کۆنگرەکەتان دەکەم‌و ئەو قسە حەکیمانەیەی دۆستی کۆچکردووم، ئەمیر کامران بەدرخانتان وەبیر دێنمەوە کە دەیگوت: "بە سەبرین‌و ناسرەوین."

**بێرنارد دۆران، سەفیری فەرانسەو سەرۆکی بنیاتی دۆستایەتیی فەرانسەوی زمانەکانی جیهان**
**پاریس، ٦ی مەی ٢٠٠٤**

***

## پەیامی بەڕێزان لارس ئۆلی‌و ئوللا هۆفمان

بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!
دۆستانی خۆشەویست!

ئێمە دەزانین کە کۆنگرەی ئێوە لە کاتێکی دژواردا دەگیرێ. ئێمە ڕەوتی ڕووداوەکانمان لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژین، بەردەوام خستۆتە ژێر چاوەدێری‌و دەزانین کە خەباتی ئێوە بە شێوەی سەرەکی لەڕێگای ئاشتی، دێمۆکراسی، یەکسانیی ئایینی، بەرابەری‌و یەکسانیی مافی ئینسانەکان لە سەرانسەری ئێران دایە. ئێمە دەزانین کە ئەو خەباتە قوربانیی زۆری لەپێناودا دراوە. ئێمە هێشتاش کوژرانی دوکتور شەرەفکەندیمان، لە پیلانێك دا بە هۆی ڕێژیمی ئێرانەوە لەبیر ماوە. بەڵام پێش ئەو ڕووداوەو دوای ئەو ڕووداوەش ژمارەیەکی زۆر کورد تووشی کوێرەوەری‌و ئێش‌و ئازار بوون‌و ژیانیان لەپێناوی خەبات لە ڕێگای داوایەکی ڕەوادا داناوە.

ئەو خەباتەی ئێوە بەرەوپێشی دەبەن، لە هەلومەرجێك دا بەڕێوەدەچێ کە وەك لە ئاکارو کردەوەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەردەکەوێ، هێشتا بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێمۆکراسی‌و بەرابەری زۆری ماوە. ئەوانەی لەنێو ڕێژیم دا بە ڕیفۆرمخواز ناوبراون، لە پەرلمان دوور خراونەوەو سەرۆك کۆماری ئێستا ڕێگای هەڵبژاردنەوەی نیە. وێدەچێ ئێران بە زوویی ببێتە خاوەنی سەرۆك کۆمارێك کە سەر بە باڵی کۆنەپەرستانی نێو ڕێژیم بێ. ئەو ڕەوتە دوورکەوتنەوەی هەرچی زیاتری ڕێژیم لە خەڵکی ئێرانی لێ دکەوێتەوە.

ئێمە دەبینین کە بارودۆخی ژیانی ژنان لە ئێران هەروا دێ‌و دژوارتر دەبێ‌و مەیدانی هەڵسووڕان‌و ژیان بۆ ژنان بەرتەسکتر دەبێتەوە. لە حاڵێك دا ئێستاش، هەروەك ڕابردوو، گرینگە پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کە دامەزراندنی دێمۆکراسی بە بێ بەشداربوونی ژنان ناکرێ.

ئێمە نیگەرانی درێژەی ئەو ڕەوتەین، چونکە ڕێژیمێکی تەریککەوتوو کە پشتیوانی‌یەکی ئەوتۆی خەڵکی لە پشتەوە نەبێ‌و بیەوێ بە هەر نرخێك دەسەڵات لەدەست خۆیدا بێڵێتەوە، سەرەنجام بۆ مانەوە لە دەسەڵات دا تەنیا پەنا دەباتە بەر زۆرو زەبروزەنگ. زۆرجاران لە کاتی لاوازبوونی سیاسەت دایە کە توندترین شەڕو زەبروزەنگ پێك دێ. هەر ئەو نیگەرانی‌یەی ئێمەش ئەو ئەرکەمان دەخاتە سەر کە هاوپێوەندیی خۆمان لەگەڵ گەلی کورد بەهێزتر بکەین. هەر بەو شێوەیە کە ئێمە چەندین ساڵە پشتی داخوازی کوردەکانی عێراقمان بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆبەڕێوەبردنی نێوخۆیی لە عێراق دا گرتوە، پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کورد لەپێناوی گەیشتن بە مافی خۆبەڕێوەبردنی نێوخۆیی لە ئێرانیش دا دەکەین.

ئێمە ئەوە وەك ئاڵقەیەکی گرینگ لە خەبات بۆ ئاشتی‌یەکی بەردەوام لە داهاتووداو لە ئازادی، دێمۆکراتی، یەکسانی‌و بەرابەری‌دا دەبینین.

سەرکەوتنی هەمووی ئێوە لە تێکۆشان بۆ دێمۆکراسی‌و ئازادی‌دا داوا دەکەین!

**لارس ئۆلی**
**سکرتێری حیزبی چەپ**
**ئوللا هۆفمان**
**جێگری یەکەمی سکرتێر**

***

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 394 5 Aug 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com


## سەرکەوتنی قوتابیی‌یەکی نموونە



لە تاقیکاریی‌یەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی ١٣٨٣ی هەتاویی پۆلەکانی شەشەمی پەروەردەی هەولێر شلێر مێهفەر، توانی پلەی یەکەم وەدەست بێنیو بەم بۆنەیەوە خەڵات بکرێ. ئەم خەڵاتە لە ڕێوڕەسمێکی کۆتایی ساڵی خوێندن دا لە هوتێل پاڵاسی شاری کۆیەو لەلایەن بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە خاتوو شلێر بەخشرا. پێویستە بگوترێ شلێر مێهفەر پۆلەکانی پێشتریشی هەر بە پلەی یەکەم یا دووهەم بڕیوەو وەك قوتابیی‌یەکی سەرکەوتوو ناسراوە.

## بەربوونەوەی باڵۆنێکی جاسووسی لەسەر ئاوایی "مووشان دەرە"ی شاهیندێژ




لەنزیك دێی "مووشان دەرە"ی سەر بە شاهیندێژ (لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) باڵۆنێك کەوتۆتە خوار. دانیشتووانی ئەم گوندە کە زۆرجار رابردنی باڵندەی نوورانییان بە ئاسمانی ناوچەکەیان دا دیبوو، ئەمجارەش وەك رابردوو لە رابردنی ئەم باڵندە نوورانی‌یە رامابوون، بەڵام دوای ماوەیەك گوێیان لە تەقینەوەی بوو. کاتێك خۆیان گەیاندە شوێنی تەقینەوەکە، دیتیان کە باڵندە نوورانی‌یەکە، باڵۆنێکی جاسووسی‌یە. شایانی گوتنە کە لەو باڵۆنەدا، جگە لە دەزگاکانی وێنەگرتن، دەزگای بەڕێکردنو وەرگرتنی پەیامیش هەبوو.

لە مانگەکانی رابردوودا رابردنی فڕندە نوورانی‌یەکان بە ئاسمانی ئۆستانە شیمالی‌یەکانی ئێران دا، زۆرجار بەدی کرابوو (ڕۆژئاوای ئازەربایجانەوە تا ڕۆژهەڵاتی مازەندەران). ئەو باڵۆنەی بەربۆتەوە، نیشانەی "دروستکراوی ئەمریکا"ی پێوەیە.

بە سەرنجدان بە جێگیر بوونی ئەرتەشی ئەمریکا لە ئازەربایجان، تورکمەنستان، تورکیەو عێراق، چاوەدێران پێیان وایە ئەو باڵۆنانە لەلایەن ئەرتەشی ئەمریکاوەو بە مەبەستی جاسووسی، بۆ سەر خاکی ئێران دنێردرێن. ئیسرائیلیش بە سەرنجدان بەو ئیمکاناتەی لەو کۆمارە ناوبراوانە هەیەتی، دەتوانێ باڵۆن بنێرێتە سەر ئێران.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە لە مانگەکانی رابردوودا، خەڵك زۆرجار تێپەرینی ئەو بوونەوەرە نوورانی‌یەیان دیبوو، ڕۆژنامەکانی ئێرانیش وەك "شەهاب" ناویان بردبوونو باسیان کردبوون، بەڵام دوایە لەسەر دەستووری شووڕای ئەمنییەتی میللی، بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەو بارەیەوە لە چاپەمەنی‌دا قەدەغە کرا.

**ماڵپەری: "تورکمەن سەحرا"**
**(٢٨ی پووشپەری ١٣٨٣)**

## ڕۆژی ماتەمینی چاپەمەنیی ئێران



"١٧ی گەلاوێژ"، ڕۆژی هەواڵنێرە. بەم بۆنەیەوە ئەنجومەنی سینفیی رۆژنامەنووسانی ئێران رایگەیاندوە، بە نیشانەی بێزاری دەربڕین لە پێشێلکرانی مافی هەڵبژاردنی پیشە کە یەکێك لە ئاشکراترین بنەماکانی مافی مرۆڤە، لە سەعات ١ی ئەو ڕۆژەوە،بۆ ماوەی ٢٤ سەعات لە بنکەی ئەو ئەنجومەنە کۆدەبنەوەو مان لە خواردن دەگرن.

لە بەیاننامەی ئەنجومەنی ناوبراودا ئاماژە بە تێپەڕینی ٢٠ ڕۆژ لە داخرانی رۆژنامەکانی "وقایعاتفاقیه"و "جمهوريت"و نارەزایەتی دەربڕینی ٢٥٠ رۆژنامەنووس لە نەبوونی ئازادیی هەڵبژاردنی شوغڵو دوو کۆبوونەوەی ئیعترازی کراوەو گوتراوە بەو حاڵەش بەداخەوە هێشتا بۆ هاتنەدیی مافەکانی ئەو رۆژنامەنووسانەی لەم ساڵانەی دواییدا، ستەمیان لێ کراوە، هیچ هەنگاوێك هەڵنەگیراوە.

**لە بەیاننامەکەدا هاتوە:**

لە هەلومەرجێکدا کە سەرەتایی‌ترین مافەکانی رۆژنامەنووسان لە وڵاتدا پێشێل دەکرێو کاربەدەستان لە بەرامبەر پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤدا خۆیان گێل دەکەن، ڕۆژی ڕێزگرتن لە هەواڵنووسان مانایەکی نیە. بۆیە ئێمە کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسانی ئێران بە نیشانەی پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤو مافە بنەڕەتی‌یەکانی خەڵك، ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژ وەك ڕۆژی ماتەمینی چاپەمەنی رادەگەیەنینو لە سەعات ١ی دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، بۆ ماوەی ٢٤ سەعات مان لە خوادن دەگرین.

## پەرەگرتنی هەڕەشە لەدژی ژنانو لاوان لە تارانو مەشهەد

لە دارو دیوارەکانی شیمالی تاران کۆمەڵێك دروشم بەرچاو دەکەون کە هەرەشەن لە دژی کچانو ژنان. ڕۆژی یەکشەمە ١١ی گەلاوێژ، ئەم دروشمانە بە رەنگی سوور لەسەر دیوارەکان بەرچاو کەوتوون. "بەدحیجابی = ٢ مانگ زیندان"، "لاق رووت کردن = ٧٤ شەلاق". دیارە پێشتریش لەم جۆرە دروشمانە لەسەر دارودیوارەکانی شیمالی تاران دیترابوون. پێویستە بگوترێ سڕینەوەو پاککردنەوەی ئەم جۆرە دروشمانە لە ئەستۆی شارەداری تارانە، بەڵام ناوبراو (احمدی نژاد) چونکە سەر بە کۆنەپارێزەکانە، خۆ لە سڕینەوەیان دەبوێرێ.


لە ڕۆژی ١١ی گەلاوێژیشەوە لە شاری مەشهەد، هێزەکانی یەکەی تایبەتیی هێزە ئینتیزامی‌یەکان لە یەکەم ساعەتەکانی دەست پێکردنی هاتوچۆی خەڵك لە شەقامەکانی "راهنمایی"، "ئەحمەدئاباد"و "بلواری سەجاد"، جێگیر دەبن. ئەو هێزانە جلوبەرگی شەخسی و رەسمییان لەبەرداو هەموویان باتومو بێسیمو دەستبەندیان پێیە، لەنێو خەڵكو بەتایبەتی لاوان دا، لەهاتوچۆدان تا هەر کچو کورێکی جلوبەرگ، یا ڕدێن یا وەزعێکی بە عەقڵی ئەوان نەگونجاویان هەیە، ببەنە ناو ئەو ئوتوبووسانە کە وەك قەفەس وانو لە سێ ڕێیانەکان رایان گرتوون. لەنێو ئەو ئوتوبووسانەدا چەند "قازی"ی ئێشکگر هەن کە لە ماوەی چەند دەقیقەدا، بریاری خۆیان لەسەر گیراوەکان دەدەن. تا ئێستا خەڵك چەندین ئوتوبووسی پڕ لەلاوانی دەسگیرکراویان بینیوە کە بۆ بەندیخانە رایان گوێزتوون.



**ماڵپەرەکانی "رویداد" و "ایران امروز"**

## ئێران لە"خۆکوژی" دا پلەی سێهەمی لە جیهان دا هەیە

ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی، ئێرانی بە دوای کولومبیا و هیند دا وەك سێهەمین وڵاتی جیهان لە بواری هەبوونی زۆرترین ئاماری خۆکوژی لە ساڵی ٢٠٠١ دا ناو بردوە. ئەم ڕێکخراوەیە لە ساڵی ١٩٩١ دا ئێرانی بە پێنجەمین وڵات (دوای کولومبیا) برێزیل، چین، و هیند) هەر لەو بوارە دا ناساندبوو. بە پێی تەنووسراوەی ماڵپەری ڕێکخراوی ناوبراو لە هەر ١٠٠ هەزار ژن ٣١ کەسو لە هەر ١٠٠ هەزار پیاو یەك کەس لە جیهان (لە ساڵی ٢٠٠١) دا پەنایان بۆ خوکوشتن بردوە. ئاماری راگەیەندراو لە لایەن ڕێکخراوی لە شساغیی ئێرانەوە، وەك بناغەی راپۆرتی ڕێکخراوی لە شساغیی جیهانەوە، کەڵکی لێ وەگیراوە.




## کاتێك قەڵەم ئەتك دەکرێ

**بەر لەماڵاوایی**

خالید محەممەدزادە

زۆرن ئەو قەڵەمانەی تەنیاوتەنیا لە هەوڵی ناشیرین کردنی دوێنێو ئەورۆمان دان. قەڵەمگەلێك قارچکئاسا، لە قۆناغێکی دیاریکراوداو بۆ جوانکردنی ئەم قۆناغەو پڕشنگدارنیشاندانی، حیکایەتە خەیاڵی‌یەکان دەنووسنەوە. ئەو حیکایەتانەی نەبوونیان هەبووەو نە دروستکردنیشیان دەتوانێ ئێستایەك دابمەزرێنێ. ئەو "ئێستا"یەی لەسەر چیرۆکە خەیاڵی‌یەکاندادەمەزرێن، دەبن بە "ئێستا"یەکی لێوانلێو لە قەیرانو لە دەرەوەی ئەمری واقیع دەژمێردرێو، لە مەرگی "تدریجی"دا دەستو پێ لێ دەدا. مەرگێك کە سەرەتا بە لەگۆڕنانی ئەو قەڵەمانە دەست پێدەکا. ئەو قەڵەمانەی بە ئاراستەیەکی چەپڵەیی، هەمیشە لە هەوڵی شاردنەوەی ناشیرینی‌یەکانو ناشیرین کردنی جوانی‌یەکانو لنگاوقوچکردنی راستی‌یەکانن. خەمی ئەو قەڵەمانە پێش ئەوەش خەمێك بێ بۆ دوێنێ‌یەکی دۆڕاوو ئێستایەکی لە پەراوێزخراو، خەمێکە بۆ مانەوەو راگربوونیان.

خەمی وان خەمێك نیە لە مەعریفەو ئاوەزمەندی‌یەوە، بەڵکوو ترسێکە لەو بۆشایی‌یە رۆحیو چۆڵایی‌یە سامناکەی کە بەسەریاندا سەپاوە. ئەو قەڵەمانە پێش ئەوەی دەرکەوتەی واقیعی کۆمەڵگا بن، زمانحاڵی دەسەڵاتێکن کە لەسەر وەهم بونیاد نراوە.

ئەوانەی لە هەوڵی نووسینەوەی مێژوویەکی پڕشنگدارن، هەر ئەوانەن کە لەسەر کوشتنی مێژوو کار دەکەن بۆ دارشتنەوەی مێژوویەکی خەیاڵی. نووسینەوەی مێژووی پڕشنگدار خەمی هەموو ئەوانەن کە مێژوویان نیەو هەست بە ئێستایەکی دۆڕاو دەکەن. ئەم میتۆدە لە کار پێش ئەوەی هەوڵێك بێ بۆ ناسینی خود، ترسە لەوی دی. ئەوێك کە هەموو بنەماو پێکهاتەکانی دوێنێو ئێستای تێدایە. ئەم قۆناغە کە بە قۆناغی بەراوەردکاری دەژمێردرێ فەزایەك پێك دێنێ بۆ قەڵەمە ستایشکارەکان.

ئایندە شتێك نیە جگە لە ئێستا. کەواتە ئێستایەکی دۆڕاو واتە ئایندەیەکی دۆڕاو، چیرۆك گێڕانەوەو حیکایەت سازکردن بۆ مەشروعییەت دان بە ئێستا، پێش ئەوەی هەوڵێك بێ بۆ تێگەیشتن لە دوێنێ، هەڵاتنە لە ئێستاو ناشیرین کردنی دوێنێ. پڕشنگدار نیشاندانی ناشیرینی‌یەکانی دوێنێو شاردنەوەی جوانی‌یەکانی، لە نەفسی خۆیدا کوشتنی ئێستاو ئایندەیە. خاڵی هاوبەشی سەرجەم ئەم قەڵەمانە خولانەوە لە بازنەی دەسەڵات دایە. ئەمانە ئەو قەڵەمانەن کە لە لایەن دەسەڵاتەوە خۆراکیان دەدرێتێ. زۆربوون ئەو قەڵەمانەی زۆرنایان بۆ دەسەڵات لێ دەداو بە مەرگی دەسەڵاتدار کۆتایی بە ژیانی ئەمانیش هات.

بەختیار عەلی دەڵێ: ئەوانەی کۆمەڵگاکان وێران دەکەن، قەڵەم ستایشکارەکانن نەك قەڵەمە رەخنەگرەکان. نابێ لەبیرمان بچێ دەسەڵات لای ئێمە بۆ مەشروعییەت وەرگرتن پێویستی زۆری بە چەپڵە هەیە. کەواتە ئەم قەڵەمانە دێن، مێژوویەکی پڕشنگداریان بۆ دەنووسنەوە تا زۆرترین چەپڵەو پیاهەڵگوتن دەستەبەر بکەن. لێرەدایە کە قەڵەمە ستایشکارەکان بە دڵسۆزی نیشتمانو نەتەوەو دەسەڵات وەسف دەکرێن. کە لەراستی‌دا ئەم قەڵەمانە جگە لە کارکردن لە پرۆژەیەکی کرچو کاڵو کاتی ناتوانن میتۆدو مەنهەجێك پەروەردە بکەنو قەڵەمە رەخنەگرەکانیش دەخرێنە پەراوێزەوە. ئێمە خەڵکانێکی لەخۆڕازینو بۆ شاردنەوەی لاوازی‌یەکانمان پەنا دەبەینە بەر ئەفسانەسازیو حیکایەت گێڕانەوە. بێ‌ئاگا لەوەی کە لە ناخدا هەمیشە شڵەژاوینو ئەم چیرۆکنووسی‌یەش ناتوانێ لەم قەیرانانە دەربازمان بکا.

ئەوەی ئەمان دەیکەن بە رووداو، هیچ کاتێك رووداو نەبووەو ئەوەی ئەمان پەلاماری دەدەن لە بێ‌ئینسافی‌یەکی گەورەوە سەرچاوە دەگرێ. کانت گوتەنی: سەردەمی ئێمە، سەردەمی رەخنەیەو دەبێ چەمکی رەخنە هەموو شتێك لە ژێر رکێفی خۆی بنێ. لەبیرمان نەچێ تەنیا قەڵەمە جیددی‌یەکانن دەتوانن بەئاگامان بێننەوە.

قەڵەمە جیددی‌یەکان دەیانەوێ بونیادێك بگۆڕن کە سەدان ساڵە وەستاوەو هەمیشە لە دووپات بوونەوە دایە. قەڵەمە رەخنەگرەکان ئەو قەڵەمانەن چیددی نایانەوێ لە ئێستایەکی چەق بەستوودا بژین. ئەم ئێستایەی لەسەر ناشیرین کردنی جوانی‌یەکانو کوشتنی جیاوازی‌یەکان بەرهەم هاتوە. قەڵەمە ستایشکارەکان مێژوویەکی پەراوپڕ لە بێدەنگی، لاڵبوونو مت بوونیان پێك هێناوە کە هەر هەموویان لەسەر کوشتنی ئێستادا کار دەکەن کە لە نەفسی خۆیدا دووپات بوونەوەی تراژیدی‌یەکانە. قەڵەمە ستایشکارەکان ئەو قەڵەمانەن کە شەڕە لۆکاڵی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایەیان داگیرساند، ئەو قەڵەمانەن کە تراژیدیایان خوڵقاندو ئێستاش بە هەمان میتۆد کاریان پێ دەکرێ.

ئێمە پێش ئەوەی پێویستیمان بەو قەڵەمانە هەبێ کە مێژوویەکە خەرمانێك لە بێدەنگی‌یان پێك هێناوە، پێویستمان بەو قەڵەمانە هەیە کە لە پرۆسەیەکی جیددی‌دا کار دەکەنو بە ئاگامان دەهێننەوە لە دووپات بوونەوەی کارەساتەکانو ناسنامەیەکمان بۆ دەخەنە روو کە ناسنامەی واقیعی ئێمە بێ.